# شەکراوی رۆژانەکەم

هەر جۆرە سەرکەوتنێک هەست و چێژ و ئاوازی خۆی هەیە، بەڵێ هەر گرەوی بەختی خۆبردنەوەیەک، نەک هەر وەرز، بەڵکو حەز و ئارەزووی خۆی هەیە، ئەو دەمەی سینەی پڕ لە ئاخ و خۆزگە و حەسرەتی رۆژان، بە بای وەشتی نەوبەهاری دڵان دەبووژێتەوە، ئەوسا هەرچی خەم و پەژارەی ئەم دونیایە هەیە، بە کامی دڵی دەیدات بەدەم باوە، ئەو ساتانەیە مرۆڤ هەست بە گوشادییەک دەکات، کێشە بەلاوە دەنێ و خۆشترین گۆرانی بۆ سەرکەوتنی مرۆڤ دەچڕێ، بە باڵی ئۆخەی گڕگرتوویەوە بە جۆرێک هەڵدەکشێ سەرجەم سنوور و سەرحەدەکان دەپێچێتەوە و سەر بە بن هەنگڵی خەیاڵی باڵایەوە دەنێ، دەستەوملانی خۆری رووناکی عەرد و ئاسمان دەبێتەوە و بە خودای میهر و نەوا دڵی ئاو دەخواتەوە، ئەوسا لەدایکبوونی هەرە راستەقینە روودەدات، چاوانی بە یەکەم گزنگی بەیانی رۆژبوونەوە زاخاو دەدات، ئەو کاتەیە نە دوور و نزیکی، نە تەمەن.. نە.. نە.. نە.. گشتیان لە پریاسکەی کۆچی پاکژبوونەوەی هەتا هەتایی دەنێ و شایەتمانی بە حەق بۆ خاوەن کڕنۆشبۆبردنی هەتاهەتایی دەبات و بە نزای دڵەوە دەڵێ: سوپاس و بەرهەمەکەمان بە کۆششی دڵسۆزان هاتە کۆتایی، لە سەروویانەوە سوپاسی سەیدای هێژا (فازڵ میرانی) دەکەم، کە کۆششی بەڕێزیان نەبوایە ئەوا ئەو بەرهەمە هەر لە چنگی مەحاڵدا دەبوو، هەروەها سوپاسی ماندووبوون و هاندانی دەستگای گوڵان لە سەرووی هەموویانەوە برای سەرنووسەر کاکە (فەرهاد محەمەد) و سەرجەم کارمەندە ماندوویی نەناسەکانی دەکەم، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە هاوخەمم بوون، ئەوا لەم ئێوارەئاهەنگەدا گوێزەبانەی لەدایکبوونی ئەو نەوەیە دەخۆین کە ناونرا: (ڕۆژان)، بەو ئومێدەی ئەو ڕۆژانە بێتەئاراوە کە سەرۆکەکەمان بەو پەڕی دلێری و بوێرییەوە نوقڵانەی بۆ هەڵدا و دڵنیا بوو کە گشت گەلەکەی لە پشتە، جگە لەوانەی چەقەڵی ناوچەکەمانن.

بۆیە بە دەست و زاری نزاوە، روو لە قاپی پەروەردگار دەکەم و سوپاسی دەکەم: کە لەو رۆژانە ژیام و بێبەری نەبووم لەو جەژنی بڕیاردانە و لە کۆتاییشدا هەزاران سوپاس کە کوردم و بارزانی مەزهەبم.

ئەحمەد سالار

٢٠١٨/٩/٣





# ئەحمەد سالار چرایەک بە گەردنی نیشتمانەوە

بە چاودێریی رێزدار فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن لە رێورەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی بەرپرسان و هونەرمەندو نووسەرو رۆشنبیران و هونەردۆستان رێزی لە ماندووبوون و تەمەنی پڕ بەخششی هونەرمەندو نووسەرو گەورە شانۆکاری گەلەکەمان ئەحمەد سالار گرت و کتێبی(رۆژان– یادەوەرینامە)ی هونەرمەندی دابەشکرد کە یەکێکە لە کتێبەکانی دیکەی گۆڤاری(گوڵان) و لەسەر ئەرکی رێزدار فازڵ میرانی چاپکراوە.







# با ڕەچاوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین

گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو لە دژی زوڵم و چەوسانەوە لە خەبات و بەرخۆداندا بووە، ئەو زوڵمەی داگیرکەران لە کوردستانیان کردووە و ئەو ڕووداوانەی بەسەر کوردستاندا هاتوون، مایەی هەڵوەستە لەسەرکردن و رامانی وردن، زۆر جار مرۆڤ کە سەیری ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی دەکات و لێی ورد دەبێتەوە و شرۆڤەی دەکات، روانینێکی تایبەتی لا دروست دەبێت، زۆر جاریش کە سەیری واقیعەکە دەکات، دەکەوێتە نێوان دوو حاڵەت (ڤیان و شیان) واتە ئەوەی دەیخوازێت و ئەوەی دەیتوانێت، زۆر جاریش وا ڕێکدەکەوێت، ئەوەی مرۆڤ دەیخوازێت توانای بەجێهێنانی نییە.

ئێمەی کورد لە نێوان (ڤیان و شیان)دا؛ زۆر جار خەم و خولیا و ڤیانی کاری مەزنمان هەبووە، بەڵام نەشیاین بەجێیان بهێنین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستان و ئەو نەخۆشییە درێژخایەنەی کەوا بەشێك لە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان تووشی بووە، کە ئەویش نەخۆشی (یەکتر قبووڵنەکردن و گوێ لەیەکتر نەگرتن)ە، بەداخەوە ئەم نەخۆشییە درێژخایەنەی کوردان تا ئێستاش بێ چارەسەر ماوەتەوە. ئەگەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان یەکڕیز و یەکدەنگ و هاوهەڵوێست بووا، ئەوا کاردانەوەی پۆزەتیڤی دەبوو بۆ دروستبوونی یەکڕیزیی گەلی کوردستانیش، ناکۆکی و ململانێی ناتەندروستی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی هەبووە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و وایکردووە ئەو ململانێ و ناکۆکییانە شۆڕببنەوە بۆ ناو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەگەر ئەم نەخۆشییە چارەسەر نەکەین، لە داهاتوودا کاریگەرییەکی خراپتری دەبێت، بێگومان تاکە چارەسەری ئەم نەخۆشییەش یەکدی قبووڵکردن



## غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

و یەکدەنگی و یەکڕیزی و بەیەکەوە کارکردنە.

لای هەموو لایەکمان روونە کەوا تەنیا بە یەکڕیزی و تەبایی دەتوانین هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی گەش بهاوێین، بەتایبەت لەم کاتەدا کە کوردستان و ناوچەکە لە رەوشێکی ناسك و هەستیاردان و، گەلی کوردستان بە قۆناخێکی زۆر چارەنووسسازدا دەرباز دەبێت، ئەم قۆناخە چارەنووسسازە پێویستی بە یەکێتی نەتەوەیی و یەکڕیزی نیشتمانی هەیە، ئەمڕۆ بارودۆخی نێودەوڵەتی بۆ گەلی کوردستان زۆر گونجاوە لە رووی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی، هەموو جیهان بە چاوی هیواوە سەیری کوردستان دەکەن و کوردستان بۆتە ژمارەیەکی گرنگ لە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ناوخۆیی کوردستان باش نییە و پەیوەندیی نێوان پارچەکانی کوردستان و حزبەکان لە ئاستێکی خراپدایە، لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان ناکۆکن و ئەوەندەی رەچاوی بەرژەوەندیی حزبی دەکەن، نیو ئەوەندە رەچاوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی ناکەن، لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان کێشەیان هەیە و لەهەڤ نایەن، لە باکووری کوردستاندا سەرەڕای ئەوەی رژێمی تورکیا پرۆسەی ئاشتی بە بنبەست گەیاندووە، خەباتی مەدەنییانەی گەلی کوردستان لە باکووردا لە هەڵکشان و پێشڤەچووندایە، لێ مخابن هەماهەنگی نەتەوەیی بۆ پشتیوانی و هاوکاری وەکو پێویست نابینرێت، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای پێشڤەچوونی خەبات و تێکۆشان و هاتنە پێشی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان، یەکڕیزی و هەماهەنگی و کارنامەیەکی هاوبەش لە نیوان لایەنە سیاسییەکاندا نابیندرێت، سەبارەت بە باشووری کوردستانیش کێشە و ململانێی

**لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان ناکۆکن و ئەوەندەی رەچاوی بەرژەوەندیی حزبی دەکەن، نیو ئەوەندە رەچاوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی ناکەن**

نێوان لایەنە سیاسییەکان پرۆسەی پێشڤەچوونی سیاسی سست کردووە (کە دواتر تیشکی دەخەینە سەر)، بۆ دەربازکردنی ئەم رەوشە نالەبارە پێویستە هەموو لایەکمان بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو بگرین و کار بۆ یەکێتی نەتەوەیی و یەکریزی نیشتمانی بکەین.

بێگومان ئەم بارودۆخەی کوردستان لە هەموو لایەکمان دەخوازێ کەوا نزیکی یەکدی بین، بۆیە پێویستە لە نزیکترین کاتدا کاربکەین بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکان، بۆئەوەی لە کۆبوونەوەکەدا نەخشەرێگایەك بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان دابرێژین.

**پێویستە لە نزیکترین کاتدا کاربکەین بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکان، بۆئەوەی لە کۆبوونەوەکەدا نەخشەرێگایەك بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان دابرێژین**

ناوەندی سیاسیی باشووری کوردستان پەرش و بڵاو و لێکترازاوە، بە پێویستی دەزانین لەم رووەوە روانینی خۆمان سەبارەت بەم پرسە بخەینەروو؛ باشووری کوردستان لەدوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ بە کۆمەڵێ هەورازو نشێودا تێپەڕیوە، وەکو ئەزموونی حوکمداریی گەلی کوردستان بێ کێشەو بێ گرفت نەبووە، بەڵام سەرەڕای ئاستەنگەکان توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێ، بێگومان لە تەواوی جیهاندا حکومەت نییە بێ گرفت و بێ کێشە بێت، بەڵام کێشەو گرفتەکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێگەشتن لە سیستەمی حوکمداری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا.

کێشە و گرفتەکانی ئێستای کوردستان باکگراوندێکی سیاسی و مێژوویی هەیە، رەنگدانەوەی واقیعی دووبەرەکی و ناکۆکیی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانن، بۆیە چارەسەری ئەم پرسە پەیوەستە بە چارەسەری گرفت و ناکۆکیی مێژوویی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بۆئەمەش پێویستە لایەنە سیاسییە ناکۆکەکان قۆناخی ساڵانی رابردوو دەربازبکەن و بە شێوازێکی سەردەمییانە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن و، بە دیدگایەکی سەردەمییانە سیاسەتی نوێی جیهان بخوێننەوە و لە جیاتی بەرژەوەندیی تەسکی حزبی رەچاوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی بکەن.

ئێمە لەسەر هەموو ئاستەکاندا پێویستیمان بە بەخۆداچوونەوەیە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بوویەر و رووداوەکاندا، پێویستە رەخنە لە شێوازی کاری رابردوومان بگرین و، رەخنە وەك میکانیزمی پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر بکەین، کە راشکاوانە رەخنەمان گرت؛ کێشە و ناتەواوییەکان دەبینین، کە کێشە و ناتەواوییەکانمان بینی، بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین، بەمەش دەتوانین پەیوەندییەکی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی تەندروست بینا بکەین.

پێویستە لایەنە ناکۆکەکانی باشووری کوردستان رەچاوی هەستیاریی بارودۆخی کوردستان بکەن و، وەکو رێزگرتن لە خوێنی پاکی شەهیدان و قارەمانێتی پێشمەرگە و خۆڕاگریی گەلی کوردستان؛ ناکۆکییەکانیان بخەنە لاوە و بگەڕێنەوە سەر مێزی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن، لەبەرئەوەی سەردەم سەردەمی دیالۆگ و لەیەکترگەیشتن و لەهەڤهاتنە، لەم پێناوەدا پێشنیار دەکەین کەوا :

**بۆ رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسیی کوردستان و دەربازکردنی لەو پەرش و بڵاوییەی کە تێیدایە، پێویستە بە زووترین کات (ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان) لە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان پێکبهێندرێت**

یەکەم: بۆ رێکخستنەوەی ناوەندی سیاسیی کوردستان و دەربازکردنی لەو پەرش و بڵاوییەی کە تێیدایە، پێویستە بە زووترین کات (ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان) لە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان پێکبهێندرێت و، ئەم ئەنجومەنە وەکو پاڵپشتێکی سیاسی بۆ دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان لە کاردابێت و رۆڵی راوێژکاری ببینێت و، لە کاتی هاتنەپێشی قەیرانەکاندا بە پرۆژە و کارنامەی هاوبەشی سیاسی هاوکاربێت.

دووەم: کۆنگرەیەکی راوێژکاری بۆ شارەزا و پسپۆران ئەنجام بدرێت، بۆ داڕشتنی نەخشەرێگایەکی گشتگیر بۆ دەربازکردنی باشووری کوردستان لەو قەیرانانەی کە تێی کەوتووە.

سێیەم: بێگومان گەورەترین کێشە لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە کە دەزگا و دامەزراوەکانی ئێمە سیستەماتیك نین و ئیش و کارەکان لەسەر بنەمای میزاجی شەخسی بەڕێوەدەچن، بۆیە تا ئێستاش ئەو حزبانەی کە دەگەنە دەسەڵات بەهەمان شێوازی پێشوو مامەڵە دەکەن، پێویستە کاربکرێت بۆ سیستەماتیکردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان و، دوورخستنەوەی

کاری حزبی لە دەزگاو دامەزراوەکان، بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان ببێتە حکومەتی خەڵکی کوردستان نەك حکومەتی ئەم حزب و ئەوو حزب.

چوارەم: قووڵکردنەوەی گیانی یەکدی قبووڵکردن و ڕەتکردنەوەی خۆسەپاندن و قۆرخکاری لە ناوەندی سیاسیی کوردستان و تەواوی ناوەندەکانی کار و بوارەکانی ژیاندا.

پێنجەم: لە جیاتی حزبەکان؛ پێویستە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان وەکو دوو دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە تەواوی ناوەندەکانی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهان بکەن.

شەشەم: گوێگرتن لە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان.

حەوتەم: یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە کردەیی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان.

هەشتەم: یەکخستنەوەی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان بە کردەیی و کردنیان بە دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی و دوور لە دەستتێوەردانی حزبی و دەوڵەمەندکردنیان بە ئەزموون و ئامێری پێشکەوتوو و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا.

نۆیەم: بەشدارکردنی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە دارشتنی بڕیاری سیاسی و وازهێنان لە پەراوێزخستنی ئەم لایەن و ئەو لایەن.

دەیەم: پێویستە لایەنە ناکۆکەکان واز لەیەکدی ناشیرینکردن و شەڕی ڕاگەیاندن بهێنن و بە زمانی سەردەم؛ زمانی لۆژیك لەگەڵ یەکدی بدوێن و دیالۆگ بکەن.

یازدەهەم: پێکهێنانی (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) کەوا کار بکات بۆ جووڵاندنی ئەنجامی ریفراندۆم و چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، ئەم پرسە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و پێویستە هەموو لایەکمان لەسەری هاوکار و یەکدەنگ بین.

دوانزەهەم: پەسەندکردنی دەستوور؛ ئێمە دەبێ وەکو پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەیری دەستوور بکەین، نەك وەك مەسەلەیەکی حزبی، کە بەداخەوە زۆربەی پرسەکان و بابەتەکان بە حزبی کراون و لە دیدگای حزبییەوە تەماشای پرسەکان دەکرێت، پرسی دەستووریشیان خستۆتە ئەم چوارچێوەیە، کە ئەوەش هەڵەیەکی ستراتیژییە و پێویستە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت.

بۆ چارەسەر و ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەیەش پێویستە پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا پرسی دەستووری کوردستان یەکلاکاتەوە، لەبەر ئەوەی پرۆژەی دەستوور هەردوو قۆناخی نووسینەوە و قۆناخی دەنگدان لەسەری لە پەرلەمانی تێپەڕاندووە، قۆناخی سێیەم ماوە کە بریتییە لە قۆناخی ریفراندۆم، بوونی دەستوور بۆ ئێمە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی لە رووی یاساییەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ رێکخستنەوە و دیاریکردنی ئەرك و مافی تاکەکان و دارشتنی بنەما و سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات و بە دامەزراوەییکردنی دەزگا و دامەزراوەکان، ئەمانەش هەمووی لە (پرۆژەی دەستووری کوردستان) جێگیرکراون، بۆیە هەتا رۆژێك زووتر ببینە خاوەنی دەستووری خۆمان باشترە لەوەی کە بەهۆی هەندێك مەرامی سیاسییەوە دوای بخەین. لەهەموو دنیادا وایە کاتێك دەستوور ریفۆراندۆمی لەسەر دەکرێ و تەنانەت پەسەندیش دەکرێ، ئەوا بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکە گۆڕانکاری تێدادەکرێت و هەموار دەکرێتەوە، زۆر ئاساییە پرۆژەی دەستووری کوردستانیش کە ریفۆراندۆمی لەسەر کرا و کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، دواتر بەپێی پێویستی سەردەم هەموار بکرێتەوە.

ئەم خاڵانە وەکو هەنگاوێك بەرەو هێورکردنەوەی ناکۆکیی لایەنەکانی دەسەڵات دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێك بۆ لەهەقهاتن و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و ئەنجامدانی چاکسازی بۆ دەربازکردنی باشووری کوردستان لەو قەیرانانەی تێی کەوتووە، ئەمەش پێویستی بە نییەتپاکی و هاوکاری و کاری هاوبەشی هەموو لایەکمانە، ئومێد دەکەین هەموو لایەکمان بۆ ڕاستەڕێی یەکرێزی و یەکدەنگیی گەلی کوردستان و زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و بەیەکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن و گوێ لەیەکترگرتن بگەڕێینەوە و رەچاوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بکەین و بەرژەوەندیی خۆمان لە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستاندا ببینینەوە.

**لە جیاتی حزبەکان؛ پێویستە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان وەکو دوو دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە تەواوی ناوەندەکانی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهان بکەن**

**پێویستە لایەنە ناکۆکەکان واز لەیەکدی ناشیرینکردن و شەڕی ڕاگەیاندن بهێنن و بە زمانی سەردەم؛ زمانی لۆژیک لەگەڵ یەکدی بدوێن و دیالۆگ بکەن**

**پێکهێنانی (بۆردی سەربەخۆیی کوردستان) کەوا کار بکات بۆ جووڵاندنی ئەنجامی ریفراندۆم و چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، ئەم پرسە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و پێویستە هەموو لایەکمان لەسەری هاوکار و یەکدەنگ بین**



# پووکانەوەی حزبی سیاسی و خۆپێناسەکردنەوە لەناو بازنەی فراوانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا



«دیموکراتی و دەوڵەتی خۆشگوزەران دوو ئامرازی گرنگن، بەڵام ئەم دوو ئامرازە گرنگتر دەبن ئەگەر بەرهەمی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بن.»

ستین رۆکان

زانای نەرویژی لە بواری سیاسەت و سۆسیۆلۆژی

**کاتێک بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی مسعود بارزانی بڕیار درا پێشمەرگە لە (پردێ و سحیلا و مەحموودیە و چەند شوێنێکی دیکە) بەرگری بکات و، توانرا هێرشەکانی هێزی داگیرکەر تێکبشکێندرێت و کوردستان بپارێزرێت، ئەمە لای تەواوی خەڵکی کوردستان (بێجگە لەو دەستەبژێرانەی سەرکردایەتیی بەشێک لە حزبە سیاسییەکان)، بووە ئومێدیکی نوێ بۆ ئایندە و پاشەڕۆژی کوردستان**

**لینکۆڵن ئامانجی لە دامەزراندنی حزبی کۆماری ئەوە بوو، مانا بداتەوە بە دەستوور و بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا کە ئەو دوو دیکۆمێنتە ئەمریکا وەک کۆمارێکی (ئازاد) پێناسە دەکات**

جۆن بۆلتن کە ئێستا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە، لە نۆڤەمبەری ٢٠١٦ و دوای دەرچوونی دۆناڵد ترەمپ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، لە وتارێکیدا نووسیبووی: «ڕۆناڵد ریگان کاندیدی حزبی کۆماری لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ١٩٨٠ توانی سەرکەوتنێکی گەورە بە سەر جیمی کارتەر-ی کاندیدی حزبی دیموکراتی بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوەی ریگان توانی دەنگی کۆمارییەکانی ناو حزبی دیموکراتی بەدەست بهێنێتەوە، ئەمجارەش کە دۆناڵد ترەمپ ئەم سەرکەوتنە گەورە و سەرسوڕهێنەرەی بەدەستهێناوە، جارێکی دیکە دەنگی کۆمارییەکانی ناو حزبی دیموکراتی بەدەستهێناوەتەوە..» ئەم قسەیەی بۆلتن لەوانەیە لە رووکەشەوە جۆرێك لێکچوونی لە نێوان ریگان و ترەمپ لەخۆی گرتبێت، لەبەر ئەوەی لە دوای ریگانەوە هیچ کاندیدێکی سەرۆکایەتیی ئەمریکا نەیتوانیوە سەرکەوتنی وا گەورە بە سەر رکابەرەکەیدا بەدەست بهێنێت، لەمەش زیاتر ترەمپ توانی لە ریگان-یش زیاتر دەنگ بهێنێت.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر ترەمپ بە هاوشێوەی ریگان دەنگی کۆمارییەکانی ناو حزبی دیموکراتی دووبارە هێنابێتەوە، ئایا ئەو دەنگانەی کە لەناو حزبی کۆماریدا دژایەتیی ترەمپ-یان دەکرد، چوون بۆ کوێ؟ ئاشکراشە لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، چەندین سیناتۆر و کۆنگریسمانی حزبی کۆماری، نەك هەر دژایەتیی خۆیان بۆ کاندیدکردنی ترەمپ نەشاردەوە، بەڵکو بەشێکیان لە دژی کاندیدکردنی ترەمپ دەستیان لە کارکێشایەوە، تەنانەت سیناتۆر جۆن ماکین کە لە ساڵی ١٩٨٧ نوێنەرایەتی ویلایەتی ئەریزۆنای کرد تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد، دوایین وەسیەتی ئەوە بوو کە دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا بەشداری لە ڕێوڕەسمی پرسەکەیدا نەکات.

کەواتە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت: کاندیدکردنی ترەمپ لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا بووە هۆکاری ئەوەی یەکڕیزی نێوماڵی حزبی کۆماری تێکبچێت و، بەپێچەوانەوە بەشێکی دەنگەکانی کۆمارییەکانیش کە دژی کاندیدکردنی ترەمپ بوون، راشکاوانە چوون بۆ رکابەرەکەی کە هیلاری کلینتۆن بوو، نەك دەنگی کۆمارییەکانی ناو حزبی دیموکراتی هێنابێتەوە، ئەم واقیعە سیاسییە تازەیە کە لە سەرەتاوە شێوە لوغزێك لەخۆی دەگرێت، ئەو پرسیارە سەیرە دەورووژێنێت، ئەگەر تەواوی لایەنگرانی خودی حزبی کۆمارییش دەنگیان بە ترەمپ نەدابێت بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا، ئایا ترەمپ چۆن ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بەدەست هێنا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەنا دەبەینە بەر سیناتۆر مایك لۆفگرن کە ماوەی ٢٨ ساڵ سیناتۆر بووە و لە ساڵی ٢٠١٢ کتێبی (کۆتایی حزب — The Party is over)ی بڵاوکردەوە، لۆفگرن لەسەر بەرگی دووەمی ئەم کتێبە چەند وشەیەکی نووسیوە و دەڵێت: «چۆن حزبی کۆماری شێت بووە، حزبی دیموکراتی بۆتە ئامرازێك کاری پێ ناکرێت، چینی ناوەڕاستیش لەبەریەك هەڵوەشاوە..»، ئەگەر سەرنج لەم چەند وشەیەی لۆفگرن بدەین، لەوە تێدەگەین کە هەردوو حزبەکە (دیموکراتی و کۆماری) ی ئەمریکا لەو کاتەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ خۆپیشاندەران هەڵیانکوتایە سەر بۆرسەکانی وۆڵ ستریت و سووتاندیان و نەیانتوانی چارەسەری ئەو بێئومێدییەی هاووڵاتیانی ئەمریکا بکەن، ئەوا لەو کاتەوە هەردوو حزبەکە پووکاونەتەوە و کۆتاییان هاتووە و، بەپێی بۆچوونەکانی لۆفگرن، تەنیا رێگا بۆ رزگاربوونی هەر دوو حزبەکە ئەوەیە کە بتوانن جارێکی دیکە لە بازنەی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەمریکادا خۆیان پێناسە بکەنەوە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا هەردوو حزبی (کۆماری و دیموکراتی) توانییان لە بازنەی تەسکی دەستەبژێری حزبی بێنە دەرەوە و لە بازنەیەکی فراوانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا خۆیان پێناسە بکەنەوە؟ بێگومان هەر لۆفگرن لە کتێبی (دەوڵەتی قووڵ) کە ساڵی ٢٠١٦ بڵاوی کردووەتەوە، وەڵاممان دەداتەوە کە نووسیویەتی: «ئێستا دەوڵەتی قووڵ ئەمریکا بەڕێوەدەبات، لەمەش خراپتر ئەوەیە دامەزراوەکانی دەوڵەتی ئەمریکا (کۆنگرێس و ئیدارە) خۆیان بوونەتە بەشێك لەو

دەوڵەتە قووڵە و بۆشاییەکی گەورەیان لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتی دروستکردووە و، دەستووری ئەمریکا بۆتە کتێبێکی بێ ناوەڕۆك ..»

ئەوجا لێرەوە ئەگەر ناوەڕۆکی هەردوو کتێبەکەی لۆفگرن (کۆتاییهاتنی حزب و دەوڵەتی قووڵ) پێکەوە گرێ بدەینەوە، ئەوا ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات: (کاتێك حزبی سیاسی لە بازنەی فراوانی بیرکردنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی دێتە دەرەوە و لە بازنەیەکی تەسکی دەستەبژێری حزبیدا بانگەشە بۆ دروشمی بریقەداری گلۆباڵی دەکات، ئەوا ئەو حزبە بەرەو پووکانەوە دەچێت و لەناو پرۆسە سیاسییە نیشتمانییەکەدا ناتوانێت هیچ رۆڵێك بگێڕێت و ڕێگەچارە بۆ کێشەکانی خەڵك بدۆزێتەوە، لەمەش زیاتر مانەوەی حزبی سیاسی بەم حاڵەتەیەوە لەناو پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتدا، ئەوا دەوڵەتی نیشتمانی وەردەچەرخێنێت بۆ دەوڵەتی قووڵ و بۆشاییەکی گەورە لە نێوان هاووڵاتی و دەوڵەت دروست دەکات.) بەڵام لێرەدا پرسیاری دیکە ئەوەیە: لوفگرن خۆی سیناتۆری کۆمارییەکانە، لەبەر چی حاڵەتی حزبی کۆماری بە (شێتبوون) وەسف دەکات؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرێ دراوەتەوە بە مێژووی دامەزراندنی حزبی کۆماری لەسەر دەستی ئەبراهام لینکۆڵن، ئەم حزبە سیاسییە لە سەرەتا بۆ ئەوە دروست بووە کە پرۆسەی سیاسی لە ئەمریکا راست بکاتەوە و دووبارە دەستوور و بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا لە بازنەیەکی فراوانی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەمریکادا پێناسە بکاتەوە، راشکاوانەتر لینکۆڵن ئامانجی لە دامەزراندنی حزبی کۆماری ئەوە بوو، مانا بداتەوە بە دەستوور و بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا کە ئەو دوو دیکۆمێنتە ئەمریکا وەك کۆمارێکی (ئازاد) پێناسە دەکات، بەڵام دیاردەی کۆیلایەتیش بە کردەیی لە واقیعی سیاسیی ئەو کاتی ئەمریکادا بوونی هەبووە، بۆیە لۆفگرن کاتێك دەبینێت، سەرکردەکانی حزبی کۆماری لە ئاستی بێ مانابوون و پووکانەوەی (حزبی کۆماری) بێدەنگ و دەستەوەستانن، ئەوا ئەم حاڵەتە بە شێتبوونی (حزبی کۆماری) وەسف دەکات.

لەناو ئەم واقیعە سیاسییەدا کە بەشێکی بەرچاو لە حزبی کۆماری-یش دژی کاندیدکردنی ترەمپ بوون بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا، ترەمپ چۆن کاندید کراو چۆن ئەو رێژە زۆرەی دەنگەکانیشی بەدەست هێنا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە زۆرینە لەناو حزبی کۆماریی ئەمریکا گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت حزبی کۆماری کە بە (حزبە گەورە و دێرینەکەی ئەمریکا) ناسراوە، جارێکی دیکە لەناو بازنەیەکی فراوانی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەمریکادا خۆی پێناسە بکاتەوە، گەیشتن بەم قەناعەتە کە هەتا کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدانیش بە سەرکێشییەکی گەورەی حزبی کۆماری لە قەڵەم دەدرا، لە هەمانکاتدا دوای کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدانیش هێدمەیەکی گەورەی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا و جیهان دروست کرد.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین و بگەڕێینەوە بۆ لێدوانەکەی جۆن بۆڵتن کە بەو شێوەیە شرۆڤەی سەرکەوتنەکەی ترەمپی کردبوو، بەوەی دەنگی کۆمارییەکانی ناو حزبی دیموکراتی گێڕاوەتەوە، ئایا بە کردەیی هۆکاری ئەو سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکان بۆ گێڕانەوەی ئەو دەنگانەی کۆمارییەکانە لەناو حزبی دیموکراتیدا؟ یان ئایا مەبەستی بۆڵتن لە دەنگی کۆمارییەکان لە ناو حزبی دیموکراتیدا چییە؟ ئاشکرایە بۆڵتن مەبەستی لە دەنگی کۆمارییەکانی ناو حزبی دیموکراتی ئەوەیە کە لەناو دەنگدەرانی حزبی دیموکراتیدا خەڵکانێکی زۆر هەبوون کە لەگەڵ بەرنامەی حزبی دیموکراتی نەبوون، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەنگیان بە بەرنامەی کۆمارییەکان داوە، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦دا واقیعەکە پێچەوانە بووە و، بەشێکی بەرچاوی دەنگدەرانی حزبی کۆماری نەك هەر لەگەڵ بەرنامەی حزبەکە نەبوون، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە کاندیدکردنی ترەمپ-یان رەتکردۆتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو هاوکێشە سیاسییەی کە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ی بۆ بەرژەوەندیی ترەمپ یەکلایی کردۆتەوە، هاوکێشەیەکی جیاوازە و کاندیدکردنی ترەمپ بۆتە هۆکاری ئەوەی کە وەرچەرخانێکی گەورە لەنێو دەنگدەرانی هەردوو حزبی کۆماری

**حاڵەتی سەرکەوتنی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦، تەنیا وانەیەک نییە بۆ حزبی سیاسی لە ئەمریکا، بەڵکو وانەیەکە بۆ هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی کە لە ئێستادا لە ژێر پەردەی دیموکراتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتی خۆیان دەکەن، گرنگە سوود لەم ڕێکارە تازەیە وەربگرن**

**ئەگەر هەر میکانیزمێک بتوانێت (سەقامگیری سیاسی، فرەحزبیی بەرپرسیار، خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان) دابین بکات، ئەوجا ئەو میکانیزمە (دیموکراتی بێت، یان نادیموکراتی) ئەوا دەبێتە فاکتەریکی گرنگ بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە**

و دیموکراتی دروست بکات، راشکاوانەتر هەموو ئەو دەنگدەرانەی حزبی کۆماری کە وەك دەنگدەرانی حزبی دیموکراتی بیریان کردۆتەوە، ناردوونیەوە بۆ حزبی دیموکراتی و هەموو ئەو دەنگدەدرانەی حزبی دیموکراتی-یش کە مەبەستیان گێڕانەوەی شکۆی ئەمریکا بووە لە گەڵ دەنگدەرانی حزبی دیموکراتی کۆکردووەتەوە.

حاڵەتی سەرکەوتنی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦، تەنیا وانەیەك نییە بۆ حزبی سیاسی لە ئەمریکا، بەڵکو وانەیەکە بۆ هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی کە لە ئێستادا لە ژێر پەردەی دیموکراتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتی خۆیان دەکەن، گرنگە سوود لەم رێکارە تازەیە وەربگرن و بگەنە ئەو راستییەیەی کاتێك حزبی سیاسی لە بازنەی فراوانی نەتەوەیی و نیشتمانی دێتە دەرەوە و دەیەوێت بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بازنەی دەستەبژێرێکی حزبی پێناسە بکاتەوە، ئەو حزبە هەر حزبێك بێت و چەند خاوەنی جەماوەر بێت، چارەنووسی هەر پووکانەوە و نەمانی لەناو پرۆسە سیاسییەکە دەبێت.

### ● کۆدی سیاسی جەستەی نەتەوە و ئاراستەکردنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە

ئەندریاس ڤایمەر لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی: (بونیادنانی نەتەوە: بۆچی هەندێك وڵات هاوشان پێکەوە دەرۆن و ئەوانی دیکە لەبەریەك هەدەوەشێن؟) بەپێچەوانەی فرانسیس فۆکۆیاما لە هەر سێ کتێبی (بونیادنانی دەوڵەت، بنچەی سیستمی سیاسی، لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی)، لیبراڵ دیموکراتی ناکاتە چوارچێوەیەکی سەپاو بۆ پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، بەڵکو ڤایمەر لە کاتێکدا کە لیبراڵ دیموکراتی و دەوڵەتی خۆشگوزەران بە دوو فاکتەری گرنگ بۆ سەرکەوتنی بونیادنانی نەتەوە لەقەڵەم دەدات، بەڵام پێی باشترە کە دیموکراتی و دەوڵەتی خۆشگوزەران بەرهەمی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بن، ئەمەشی بەو مانایە بەکار هێناوە ئەگەر هەر میکانیزمێك بتوانێت (سەقامگیریی سیاسی، فرەحزبیی بەرپرسیار، خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان) دابین بکات، ئەوجا ئەو میکانیزمە (دیموکراتی بێت، یان نادیموکراتی) ئەوا دەبێتە فاکتەریکی گرنگ بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، لەسەر ئەم پرسە چەند بەراوردکارییەکی زۆر گرنگی لە نێوان ئەزموونە جیاوازەکان کردووە، هەر بۆ نموونە لەسەر ئاستی ئەفریقیا بەراودی لە نێوان (بتسوانا و سۆماڵ) کردووە، لەسەر ئاستی ئەوروپا بەراوردی لە نێوان (سویسرا و بەلجیکا) کردووە، لەسەر ئاستی دەوڵەتە گەورەکان بەراوردی لە نێوان ( رووسیا و چین) کردووە.

ڤایمەر سەبارەت بە ئەزموونە سەرکەوتووەکان لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و لە پێناسەی حزبی سیاسیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مەرجێکی گرنگە حزبی سیاسی حزبێکی گشتگیری نیشتمانی بێت و نوێنەرایەتیی دەنگدەرانی لە سەرجەم وڵاتدا بکات، نەك تەنیا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەنگ بهێنێت و لە ناوچەکانی دیکە دەنگ نەهێنێت، ئەم خاڵە وردەی کە لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانەوە سەرنجی ڤایمەری راکێشاوە، ئەوەیە: کاتێك حزبی سیاسی لە ناوچەیەکی دیاریکراو دەنگدەری هەبێت و لە ناوچەیەکی دیکە هیچ دەنگدەری نەبێت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو حزبە وەك خێڵێك تەنیا لە یەك ناوچە لایەنگر و هەواداری هەیە و نەیتوانیوە لەناو بازنەی فراوانی نیشتمانی و نەتەوەییدا خۆی پێناسە بکاتەوە. لەو حاڵەتەدا کە حزبی سیاسی توانایەی ئەوەی نییە کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی پێناسە بکاتەوە، ئەوا دەکەوێتە ئەو هەڵە گەورەیەوە کە چەمکی نیشتمانی و نەتەوەیی لەناو بازنەی تەسکی حزبیی خۆیدا پێناسە بکاتەوە، بەمەش ئاستەنگێکی گەورە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی دروست دەکات و خۆیشی دەبێتە یەکێك لە فاکتەرەکانی شکستی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و لەبەریەکهەڵوەشانی خاکی نیشتمان. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر حزبە سیاسییەکانی ناو پرۆسەی سیاسی لە هەر دەوڵەتێکدا لەو ئاستە بن کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان پێناسە بکەنەوە و پەیڕەو پڕۆگرامی حزبییان رەنگدانەوەی خواستی تێکڕای هاووڵاتیان بێت بە جیاوازی ئایدیۆلۆژی

**حزبی سیاسی و پرۆسەی دەوڵەتداری، دەبێت بەرهەمی ئەو ( کۆدە جینییە سیاسییە) بن کە لە ناو جەستەی نەتەوەدا بوونی هەیە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کاتێک نەتەوە لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەیی خۆیدا سەرکەتوو دەبێت، دەبێت نەتەوەیەک بێت هاوشانی نەتەوەکانی جیهان، بەڵام لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی جیهان جیاوازی هەبێت و شتێک پێشکەش بکات کە کۆپی نەتەوەیەکی دیکە نەبێت**

**کاتێک حزبی سیاسی توانایەی ئەوەی نییە کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی پێناسە بکاتەوە، ئەوا دەکەوێتە ئەو هەڵە گەورەیەوە کە چەمکی نیشتمانی و نەتەوەیی لەناو بازنەی تەسکی حزبیی خۆیدا پێناسە بکاتەوە، بەمەش ئاستەنگێکی گەورە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی دروست دەکات**

سیاسی و ئایینی و پێکهاتە و ئیتنی جیاوازە، ئەو حزبە سیاسییە هەتا ئەگەر ڕێژەیەکی کەمی دەنگیشی بە هاوسەنگی لەنێوان کۆی پێکهاتە و ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەت بەدەست هێنابێت، ئەوا دەبێتە فاکتەرێکی لەبار بۆ سەرخستنی پرۆسەی نەتەوەیی.

لە بەشێکی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا، نەتوانراوە ئەم پێناسەکردنەوەیە لە بازنەی فراوانی نەتەوەیی و نیشتمانی فەراهەم بکرێت، بۆیە ئەگەر تەنیا حزبێکی سیاسی بە شێوەی دیکتاتۆری و تاکڕەویش ئەم پێناسەی کردبێتەوە، ئەوا سەرەنجام پرۆسەکە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و بۆتە نموونەیەکی زیندوو لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا.

لەم راستەوە کاتێك دێینە ناو پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەوە، (ئەوجا ئەو نەتەوەیە، هەر نەتەوەیەك بێت)، گرنگە ئەو راستییە لەبەرچاو بگێردرێت کە نەخشەڕێگەیەکی دیاریکراو، یان کەتەلۆکێکی ئامادە لەبەر دەست نییە بۆ ئەوەی نەتەوە لەسەر ئەو نەخشەیە، یان ئەو کەتەلۆکە دەست بە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە بکات، بەڵکو لەگەڵ دەستپێکی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، ئەندامانی نەتەوە خۆیان نەخشەڕێگە و کەتەلۆکی تایبەت بەخۆیان بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە دروست دەکەن.

لەسەر ئەم پرسە، فرانسیس فۆکۆیاما لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی (پەرەپێدان چییە؟) زۆر باشی پێکاوە کە پەرەپێدانی نەتەوەی لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەدا گرێ داوەتە بە پەرەپێدانی بایۆلۆژی لە جەستەی مرۆڤدا، ئەو کاتێك باسی پەرەپێدان دەکات، راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە چەمکی (پەرەپێدان) لە بنەڕەتدا چەمکێکی بایۆلۆژییە و لەوێوە هاتۆتە ناو سیاسەت، هەر بۆیە کاتێك باسی پەرەپێدان وەك چەمکێکی بایۆلۆژی دەکەین، دەبێت ئەوە بزانین کە لەناو جینی هەر مرۆڤێکدا (کۆدێکی جینی) هەیە، ئەم کۆدە ئاراستەی پەرەپێدان لەناو جەستەی مرۆڤدا دیاری دەکات، هەر بۆ نموونە کاتێك کۆرپەلە لەناو منداڵدانی دایك دروست دەبێت، شێوازی پەرەپێدانی خانەکانی هەر کۆرپەلەیەك وەك یەك پەرەپێدانی تیادا روودەدات، بەڵام ئەو (کۆدەی ناو جینەکان) وادەکات کە کۆرپەلەیەك لە دایك دەبێت لەوی دیکە جیاواز بێت. فۆکۆیاما لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵیداوە (کۆدی ئەو جینە سیاسییە) بدۆزێتەوە کە پەرەپێدان لە پرۆسەی بونیادنانی هەر نەتەوەیەکدا ئاراستە دەکات، بەڵام بەداخەوە لە بری ئەوەی (کۆدی جینە سیاسییەکە جەستەی نەتەوە) بێت، هاتووە ئەم (کۆدە سیاسییەی) بردۆتەوە بۆ نهێنیی سەرکەوتنی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی ئەمە لە کاتێکدا سیستمی لیبراڵ یەکێکە لە دەستکەوتەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی و بیرکردنەوەی ئازادانەی هەر نەتەوەیەك.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر (کۆدی جینی سیاسیی جەستەی نەتەوە) بە هاوشانی (کۆدی بایۆلۆژیی جەستەی مرۆڤ) بەراورد بکەین، ئەوا چۆن (کۆدی جینی) هیچ دوو مرۆڤێك لە یەکتری ناچێت، هەتا ئەگەر ئەو دوو مرۆڤە (باوك و کوڕ، یان دایك و کچ، یان خوشك و برا و.. هتد بن)، ئەوا هەر (کۆدە جینی)یەکەیان لە یەکتری جیاوازە، بەهەمان شێوە (کۆدی جینی سیاسی) هیچ دوو نەتەوەیەکیش وەك یەك نین، هەتا ئەگەر ئەو دوو نەتەوەیە یەك زمانیش بن، بۆ نموونە وەك (ئەمریکا و بەریتانیا) کە هەردوو دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای فەلسەفەکەی جۆن لۆك (بەبێ نوێنەرایەتی باجدان بوونی نییە) دامەزراون، بەڵام وەك دەبینین پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتداری لە ئەمریکا (کۆدی جینی سیاسی) ئەمریکییەکانی ئاراستەی کردووە و لە بەریتانیاش (کۆدی جینی سیاسی) بەریتانییەکان.

ئەم باسە لەگەڵ ئەوەی زیاتر بەرەو وردەکاریمان دەبات، بەڵام لە رەهەندە گشتییەکەیدا دەمانباتەوە سەر ئەو راستەڕێیەی کە حزبی سیاسی و پرۆسەی دەوڵەتداری، دەبێت بەرهەمی ئەو (کۆدە جینییە سیاسییە) بن کە لەناو جەستەی نەتەوەدا بوونی هەیە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کاتێك نەتەوە لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەیی خۆیدا سەرکەوتوو دەبێت، دەبێت نەتەوەیەك بێت هاوشانی نەتەوەکانی جیهان، بەڵام لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی جیهان جیاوازی هەبێت و شتێك پێشکەش بکات

**بێجگە لەوەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لەناو رای گشتیی کوردستاندا وەک خیانەتێکی نیشتمانی لە قەڵەم درا، بەڵام بەشێکی زۆری حزبە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی سیاسی خۆیان هەوڵیان دا ئەم کارەسات و خیانەتە وەک دەرەنجامی کێشە و ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لە قەڵەم بدەن و هەوڵبدەن بۆ بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان هەڵوێستی خۆیان بشارنەوە**

**لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە شێوەیەکی خۆڕسکانە کوردستان بووە دوو بەرە، بەرەیەک بەرگری لە کوردستان دەکرد، بەرەیەکی دیکەش یان بەشدار بوو لە داگیرکردنەوەی کوردستان، یان بێدەنگی هەڵبژاردبوو، خۆشبەختانە پارتی دیموکراتی کوردستان بووە رێبەری ئەو بەرەی کە بەرگری لە کوردستانی هەڵبژاردبوو**



کە کۆپی نەتەوەیەکی دیکە نەبێت، ئەمەش وەك کۆی بیرمەندان لەسەری کۆکن، نهێنیی ئەو دەوڵەتانەیە کە (کۆدی جینی سیاسیی نەتەوە) دروستی کردووە و ناویان لێناوە دەوڵەتی نەتەوەیی.

ئەم ئاراستەیە بەدیوە پێچەوانەکەشی دەکرێت باس بکرێت و بکرێتە دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە پووکانەوەی حزبی سیاسی و شکستهێنانی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، بۆ ئەمەش دەکرێت پرسیارەکەمان یەکەمجار لەسەر ئاستی بایۆلۆژی ئاراستە بکەین و پاشان لەسەر پرۆسەی سیاسی پراکتیزەی بکەین، پرسیارەکەش ئەوەیە: ئەگەر لە میانەی توێکارییەکی زۆر ورددا (کۆدی جینی جەستەی مرۆڤ) لە پرۆسەی پەرەپێدانی گەشەی کۆرپەلەدا دەربهێنین، ئایا ئەو پەرەپێدانەی لەناو خانەکانی جەستەی مرۆڤدا دروست دەبێت، سەرەنجام چیمان پێ دەدات؟ بێگومان وەك زانست ئاشکرای کردووە، ئەگەر لە رووی بایۆلۆژییەوە ئەو (کۆدە جینییە) دەربهێنرێت، ئەوا بێجگە لە تۆپەڵێك گۆشت و ئیسك پێکەوە هیچ شتێکی ترمان پێ نادات، بە واتایەکی دیکە ئەوەی لەدایك دەبێت، کۆرپەیەك نییە کە ئومێدی مرۆڤی پاشەڕۆژی لەسەر بونیاد بنرێت، بەڵکو پارچەیەك گۆشت و ئێسکە و دەبێت لەگەڵ لەدایکبوونیدا بخرێتە ژیر خاکەوە، لێرەوە ئەگەر ئەم ئەزموونە بایۆلۆژییە بگوازینەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی و ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئەگەر (کۆدی جینی سیاسیی جەستەی نەتەوە) لەناو پرۆسە سیاسییەکە دەربهێنێن، ئایا پرۆسەی پەرەپێدان، یان پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، لە کۆتاییدا چیمان پێشکەش دەکات؟ بێگومان بە هەمان شێوەی پەرەپێدان لە پرۆسەی گەشەی کۆرپەلەدا، کۆمەڵێك شت دروست دەبن، بەڵام ئەو شتانەی کە دروست دەبن، ناکرێت نەتەوە ئومێدی پاشەڕۆژی خۆی لەسەر بونیاد بکات، بۆیە ئەم دەرەنجامەی کە حزبی سیاسی لە (کۆدی جینی سیاسیی جەستەی نەتەوە) بەتاڵ کراوەتەوە، ئەوە بەدیدەهێنێت کە ئەو حزبە سیاسییە بێجگە لە گرووپێك کەسی بێ ئامانج لە خەمی نەتەوە، شتێکی دیکە نابن، بۆیە هەتا ئەگەر وەك حزبیش بمێننەوە، ئەوا وەك ئەو پارچە گۆشتە وایە کە لە بری کۆرپەلەی بەتاڵکراوە لە (کۆدی جینی جەستەی مرۆڤ) بەرهەمهاتووە و شایستەی ئەوەیە کۆتایی پێ بهێنرێت.

**هەر لەگەڵ روودانی کارەساتی ١٦ای ئۆکتۆبەر، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستەوەستان نەبوو، شەڕی مان و نەمانی هەڵبژارد، بەمەش توانی لە رۆژگارێکی زۆر رەش و لە ئەزموونێکی زۆر سەختدا، جارێکی دیکە خۆی لە بازنەی فراوانی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستانیدا پێناسە بکاتەوە**



له وڵاتانی رۆژئاوای دیموكراتی و پێشكەوتووی ئێستا، لەبەر ئەوەی حزبی سیاسی هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە (كۆدی جینی سیاسیی جەستەی نەتەوە) لەبونیادی خۆی بەتاڵ بكاتەوە، ئەوا وەك ئێستا دەیبینین خۆشیان نازانن بۆ هاووڵاتی پۆپۆلیستێك لەو حزبانە بە باشتر دەزانێت، ئێستا دەبینین نەفرەت لە كۆی ئەو دەستكەوتانەی لیبراڵ دیموكراتی دەكەن كە لە ١٠تا٢٠ ساڵی رابردوو هەموو مرۆڤایەتی شانازی پێوە دەكرد.

لەسەر ئاستی رۆژهەڵات بەگشتی و هەرێمی كوردستانیش بەتایبەتی زۆربەی حزبە سیاسییەكان نەك هەر خۆیان لە (كۆدی جینی سیاسیی جەستەی نەتەوە) بەتاڵ كردۆتەوە، بەڵكو لە پرۆسەی دامەزراندن و راگەیاندنی حزبەكانیاندا (كۆدی جینی سیاسیی جەستەی نەتەوە) هەر بوونی نەبووە، هەر بۆیە كاتێك نەتەوە دەكەوێتە دووڕیانی مان و نەمانەوە، لای بەشێك لەو حزبە سیاسییانە زۆر ئاساییە كە چەپڵە بۆ داگیركەران لێ بدەن لەو كاتەی جەستەی نەتەوە داگیردەكاتەوە، بەمەش كاتێك حزبی سیاسی خۆی لە كۆدی سیاسیی نەتەوە بەتاڵ دەكاتەوە، وردە وردە لەناو پرۆسەی سیاسیی نەتەوەدا بەرەو پووكانەوە دەچێت.

**● كارەساتی ١٦ی ئۆكتۆبەر و پووكانەوەی حزب و خۆپێناسەكردنەوە لە بازنەی فراوانی نەتەوەیی و نیشتمانی**

پێش هەڵبژاردنەكانی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨، بێجگە لە پارتی دیموكراتی كوردستان، بەشی هەرە زۆری حزبە سیاسییەكانی كوردستان بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كە بارودۆخی كوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەبار نییە، پێداگریی پارتی دیموكراتی كوردستان-یش لەسەر هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە دەزانێت زۆرینەی دەنگەكان بەدەست دەهێنێت و دەیەوێت بە تەنیا حكومەت پێكبهێنێت و جڵەوگیری حوكمڕانی لە كوردستان بگرێتەدەست.

ئەم داوایەی پارتی هەتا ئەگەر بەو نییەتەش بووبێت كە حزبەكانی دیكەی كوردستان وەك بیانوو بۆ دواخستنی هەڵبژاردن بانگەشەیان بۆ دەكرد، داوایەكی رەوای هەر حزبێكی سیاسییە كە پشتبەستوو بە سیاسەتە راستەكەی خۆی بێت و لەوە دڵنیا بێت كە هاووڵاتیانی زۆرینەی دەنگی پێ دەدەن، بەڵام پرسی ئێمە لێرەدا ئەمە نییە، بەڵكو پرسی سەرەكی ئەوەیە: بۆچی پارتی دیموكراتی كوردستان لە خۆی دڵنیابوو كە خەڵكی كوردستان زۆرینەی دەنگەكانی

**پارتی دیموكراتی كوردستان وەک بەرەیەکی نیشتمانی بۆ نوێنەرایەتیكردنی دۆزی رەوای بزاڤی رزگاریخوازیی كوردستان، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاوەكو ئۆكتۆبەری ٢٠١٧ لەناو چەندین شكست و هەستانەوەی نەتەوە و نیشتمانەكەیدا رۆڵی رێبەر و یەكلاكەرەوەی گێڕاوە**

**بە درێژایی ئەو ٧١ ساڵەی تەمەنی پارتی لە (١٩٤٦-٢٠١٧) هیچ کارەساتێک هێندەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر سەخت و جەرگبڕ نەبووە، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، تەنیا دوو سێ هەفتە پێش ئەنجامدانی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ڕێژەی ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان بە (بەڵێ) دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دابوو، بەڵام گرووپێک خۆیان پێشڕەوییان بۆ داگیرکردنی کوردستان کرد، هەر ئەم گرووپە هەوڵیاندا کە پاساوی پێشڕەویکردنیان بۆ سوپای داگیرکەر بەو بیانووە پەردەپۆش بکەن، گوایە هێزی بەرامبەر زۆر لە پێشمەرگە پڕچەکترە و ناتوانرێت ڕێگە بە هێزی داگیرکەر بگیرێت**

**پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە پاراستنی گەل و حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا بە تەنیا جێهێڵدرا و حزبەکانی دیکە لەم شەرەفە نیشتمانییەدا خۆیان لە پارتی جیاکردەوە، ئەوا پارتیش هەقی خۆیەتی کە لە کۆی هاووڵاتیانی کوردستان دڵنیا بێت کە زۆرینەیان دەنگی پێ دەدەن**

پێ دەدەن و حزبەکانی دیکە ئەو دڵنیاییەیان نەبوون، یان لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەترسان؟ بێگومان هەوڵدان بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە، کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەیداتەوە، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لەناو رای گشتیی کوردستاندا وەك خیانەتێکی نیشتمانی لە قەڵەم درا، بەڵام بەشێکی زۆری حزبە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیان هەوڵیان دا ئەم کارەسات و خیانەتە وەك دەرەنجامی کێشە و ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لە قەڵەم بدەن و هەوڵبدەن بۆ بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان هەڵوێستی خۆیان بشارنەوە، ئەمە لە کاتێکدا بەشی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆیان لە ئەنجامدانی ئەو کارەساتە بێبەری کرد و، ئەو ٣٨ ئەندامەی سەرکردایەتیی یەکێتی-یش کە فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی بۆ پاکانەکردن لە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەیی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ناوەکانی خوێندنەوە، بەوەی گوایە ئەوانە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەساتە ئیمزایان کردووە، ئەوانیش بەشێکیان یەك یەك و دوو دوو، بە رێگەی میدیا جیاوازەکان خۆیان لەو ئیمزایانە بێبەری کرد، بۆیە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە زۆر هەوڵدرا بەرگی ململانێ و کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بەبەردا بکرێت، بەڵام نەتوانرا ئەمەی بە بەردا بکرێت و وەك خیانەتێکی نیشتمانی هەتا ئێستاش لەناو رای گشتیی کوردستاندا رەنگدانەوەی هەیە.

لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە شێوەیەکی خۆڕسکانە کوردستان بووە دوو بەرە، بەرەیەك بەرگری لە کوردستان دەکرد، بەرەیەکی دیکەش یان بەشدار بوو لە داگیرکردنەوەی کوردستان، یان بێدەنگی هەڵبژاردبوو، خۆشبەختانە پارتی دیموکراتی کوردستان بووە رێبەری ئەو بەرەی کە بەرگری لە کوردستانی هەڵبژاردبوو، بەڵام کاتێك مەزندەکان چوونە ئەو ئاستەی کە ئەو بەرەی پارتی بۆ بەرگریکردن لە گەل و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان رێبەرایەتی دەکات، سەرکەوتوو نابێت، هەموو حزبە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەت هەر یەکەیان بە بیانوویەك لە حکومەت کشانەوە، راستە یەکێتی نیشتمانی بە فەرمی لە حکومەت نەکشایەوە، بەڵام ئەندامانی بەشداربووی حزبەکەیان لەناو حکومەتدا بەبێ پشتگیری بەجێهێشت و خۆشیان وەك حزبەکانی دیکە دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد.

لەم ژینگە سیاسییەدا بە شێوەیەکی کردەیی پاراستنی گەل و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، هەم لەسەر ئاستی سەربازی و هەم لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماتی کەوتە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر بۆیە سەرکەوتنی پارتی لەم ئەزموونە قورسەدا و وەڵامدانەوەی بۆ خواستی هاووڵاتیانی کوردستان بە جیاوازی سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەوە، هەمان ئەو ژینگە سیاسییەی دروستکرد کە سیناتۆری ئەمریکی مایك لۆفکرن لە ساڵی ٢٠١٢ لە کتێبەکەیدا بە ناوی (کۆتاییهاتنی حزب) باسی کردووە. بەڵام جیاوازیی ژینگەی سیاسیی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ لەگەڵ ژینگەی سیاسیی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٢ ئەوە بوو، حزبی کۆماریی ئەمریکا کە وەك حزبێك بە درێژایی مێژوو پرۆسەی سیاسیی ئەمریکای راست کردبووەوە، لەو ساڵەدا دەستەوەستان بوو، نەیدەتوانی پرۆسەکە راست بکاتەوە، هەتا لە ساڵی ٢٠١٦ بە هەڵبژاردنی ترەمپ ئەو بارەی راست کردەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧ لە کوردستان هەر لەگەڵ روودانی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستەوەستان نەبوو، شەڕی مان و نەمانی هەڵبژارد، بەمەش توانی لە رۆژگارێکی زۆر رەش و لە ئەزموونێکی زۆر سەختدا، جارێکی دیکە خۆی لە بازنەی فراوانی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستانیدا پێناسە بکاتەوە، ئەم خۆپێناسەکردنەوەی پارتی بە تەنیا و بێ هاوکاریی راستەقینەی هیچ حزبێکی دیکە، بووە هۆکاری ئەوەی کە سۆزی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بەلای خۆیدا رابکێشێت و ئەو متمانەیە دروست بکات کە پارتی دیموکراتی کوردستان شایستەی ئەوەیە کۆی پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستانی پێ بسپێردرێت.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان وەك بەرەیەکـی نیشـتمانی بـۆ نوێنەرایەتیکردنـی دۆزی ڕەوای بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هـەر لەسـەرەتای دامەزراندنیـەوە تاوەکـو ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ لەنـاو چەندیـن شکسـت و هەسـتانەوەی نەتـەوە و نیشـتمانەکەیدا ڕۆڵـی ڕێبـەر و یەکلاکـەرەوەی گێـڕاوە، بـەڵام بـە درێژایـی ئـەو ٧١ سـاڵەی تەمەنـی پارتـی لـە ( ١٩٤٦-٢٠١٧) هیـچ کارەسـاتێك هێنـدەی کارەسـاتی ١٦ی ئۆکتۆبـەر سـەخت و جەرگبـڕ نەبـووە، هـۆکاری ئەمـەش لەبـەر ئـەوە بـوو، تەنیـا دوو سـێ هەفتـە پێـش ئەنجامدانـی کارەسـاتی ١٦ی ئۆکتۆبـەر، ڕێژەی ٩٣٪ی خەڵکـی کوردسـتان بـە (بەڵـێ) دەنگیـان بۆ سـەربەخۆیی کوردستان دابوو، بەڵام گرووپێك خۆیـان پێشـڕەوییان بـۆ داگیرکردنـی کوردسـتان کـرد، هـەر ئـەم گرووپـەش هەوڵیانـدا کە پاسـاوی پێشـڕەویکردنیان بـۆ سـوپای داگیرکـەر بـەو بیانـووە پەردەپۆش بکـەن، گوایـە هێزی بەرامبـەر زۆر لـە پێشـمەرگە پڕچەکتـرە و ناتوانرێـت ڕێگـە بـە هێـزی داگیرکـەر بگیرێـت، بـەڵام کاتێـك بـە سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی مسـعود بارزانـی بڕیـار درا پێشـمەرگە لـە (پـردێ و سـحێلا و مەحموودیـە و چەنـد شـوێنێکی دیکـە) بەرگـری بـکات و، توانـرا هێرشـەکانی هێـزی داگیرکـەر تێکبشـکێندرێت و کوردسـتان بپارێزرێـت، ئەمـە لای تـەواوی خەڵکـی کوردسـتان (بێجگـە لـەو دەسـتەبژێرانەی سـەرکردایەتیی بەشـێك لـە حزبـە سیاسـییەکان)، بـووە ئومێدێکـی نـوێ بـۆ ئاینـدە و پاشـەڕۆژی کوردسـتان.

کەواتـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لـە پاراسـتنی گـەل و حکومـەت و پەرلەمانـی کوردستاندا بە تەنیا جێهێڵدرا و حزبەکانـی دیکە لـەم شـەرەفە نیشـتمانییەدا خۆیـان لـە پارتـی جیاکـردەوە، ئـەوا پارتیـش هەقـی خۆیەتـی کـە لـە کـۆی هاووڵاتیانـی کوردسـتان دڵنیـا بێـت کـە زۆرینەیـان دەنگـی پـێ دەدەن.

ئـەم واقیعـە سیاسـییەی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبـەر لـە هـەردوو پرۆسـەی هەڵبژاردنـی ئایـاری ٢٠١٨ بـۆ پەرلەمانـی عێـراق و ٣٠ی ئەیلـوول بـۆ هەڵبژاردنـی کوردسـتان ڕەنگدانـەوەی واقیعییانـەی هەبـوو، هـەر بـۆ نموونـە لـە تـەواوی عێراقـدا، هەمـوو پێکهاتـە سیاسـییەکان بـە سـوننە و شـیعە و بەشـێك لـە حزبەکانـی کوردستانیشـەوە، لـەوە دەترسـان کـە کۆمیسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکانـی عێـراق، سـەرلەنوێ بەدەسـت هەمـوو دەنگـەکان هەژمـار بکەنـەوە، بـەڵام بـە تەنیـا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پشـتگیری خـۆی بـۆ هەژمارکردنـەوەی دەنگـەکان بـە دەسـت دووپـات کـردەوە، لـە هەڵبژاردنەکانـی ٣٠ی ئەیلوولـی پەرلەمانـی کوردستانیشـدا، لەگـەڵ ئـەوەی لـە دەڤـەری سـلێمانی و هەڵەبجـە کاری ساختەی زۆر کـرا، بـەڵام دیسـان پارتـی دیموکراتـی کوردستان ئامادەباشـی خـۆی پیشـاندا کـە ئامادەیـە جارێکـی دیکـە دەنگـی سـندووقەکان هەژمـار بکرێنـەوە.

هەڵبژاردنـی ٣٠ی ئەیلوولـی ٢٠١٨ و بێباکیـی پارتـی لـە بەدەسـتهێنانی ٤٥ کورسـی لـە کـۆی ١٠٠ کورسـیی پەرلەمانـی کوردسـتان، لـەوەوە سـەرچاوەی گرتبـوو، کـە ئەگـەر جارێکـی دیکـە دەنگـەکان هەژمـار بکرێنـەوە، ڕێژەی کورسـییەکانی پارتـی نـەك کـەم ناکـەن، بەڵکـو چەنـد کورسـییەکی دیکـەش بـەرەو ژوور هەڵدەکشـێن، ئـەم متمانەیـەش لـەوەوە سـەرچاوەی گرتبـوو کـە لـە ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوولـی ٢٠١٨ جەماوەیـی هـەردوو پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجـە زۆر بـە توندی ئـەو حزبـە سیاسـییانەیان سـزا دا کـە هـۆکاری دروسـتبوونی کارەسـاتی ١٦ی ئوکتۆبـەر بـوون، لـە هەمانکاتـدا ئـەو حزبانەشـی لـە کاتێکـی زۆر ناسـکدا لـە بەرگـری کوردسـتان پاشەکشـەیان کـرد.

کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی کارەسـاتی ١٦ی ئۆکتۆبـەر و ئـەو وەرچەرخـان و گـۆڕانکارییـەی لـە هاوکێشـەی سیاسـیی کوردسـتاندا دروسـتی کـردووە، ڕەنگدانەوەیەکـی بەردەوامـی دەبێـت و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ ئـەم ڕەنگدانەوەیـە لـە نـاو بازنـەی فراوانـی نیشـتمانی و نەتەوەیـدا زیاتـر بەرجەسـتە دەبێـت، هـەر بۆیـە ئـەو حزبـە سیاسـییانەی کـە نایانەوێـت لەگـەڵ ئـەم واقیعـە تازەیـە وەك خـۆی مامەڵـە بکـەن، سـەرەتای پووکانەوەیـان لـە پرۆسـە سیاسـییەکەدا دەرکەوتـووە و ئەرکێکـی تازەشـی خسـتۆتە سـەر شـانی پارتـی کـە بـەردەوام لەنـاو بازنـەی فراوانـی سیاسـی و نیشـتمانیدا خـۆی پێناسـە بکاتـەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەم خۆپێناسـەکردنەوەیە ببێتـە ئـەو ئومێـدەی کـە ئاینـدەی کوردسـتانی لەسـەر بونیـاد دەنرێتـەوە.

**لە تەواوی عێراقدا، هەموو پێکهاتە سیاسییەکان بە سوننە و شیعە و بەشێک لە حزبەکانی کوردستانیشەوە، لەوە دەترسان کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، سەرلەنوێ بەدەست هەموو دەنگەکان هەژمار بکەنەوە، بەڵام بە تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری خۆی بۆ هەژمارکردنەوەی دەنگەکان بە دەست دووپات کردەوە**

**لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی پەرلەمانی کوردستانیشدا، لەگەڵ ئەوەی لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە کاری ساختەی زۆر کرا، بەڵام دیسان پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەباشی خۆی پیشاندا کە ئامادەیە جارێکی دیکە دەنگی سندووقەکان هەژمار بکرێنەوە**

### دکتۆر ئاراس حەسۆ میرخان

ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەڵمەتی جێبەجێکردنی بەڵێنەکان دەست پێ دەکات

پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیك بووەتەوەو خەڵکیش لە چاوەڕوانیی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزن، تاوەکو هەموو ئەو بەڵێنانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا بەخەڵکی داوە، جێبەجێیان بکات، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی حکومەت و ریزبەندی بەرنامەو کارەکانی حکومەت، وەك گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی د. ئاراس حەسۆ میرخان ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، ئەویش وەکو چاودێرێکی سیاسی وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



*** ڕێککەوتنەکانی نێوان پارتی و گۆڕان و، پارتی و یەکێتی کەم کەم بەرەو کۆتایی دەچێت، کێشەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتی تازە چارەسەر دەبێت، ئایا مەزندە دەکەیت لە کاتێکی نزیکدا پەرلەمان کۆببێتەوە و خێراییەك بکەوێتە ناو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە تا ئێستا لەگەڵ لایەنەکان پشوودرێژ بووین، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە حکومەت پێکبهێنین، تەنیا کێشەیەك کە مابوو ئەوە بوو کە گۆڕان ڕازی نەدەبوو جێگری سەرۆکی هەرێم زیاد بکرێت، خۆشبەختانە ئێستا ئەم کێشەیەش بەرەو کۆتایی دەڕوات، دواتریش پرۆسە سیاسییەکە بەردەوام دەبێت و پەرلەمان کۆ دەبێتەوە، بە پێی یاسا دە ڕۆژی دەوێت تاوەکو سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت، دواتر کاك مسرور وەك سەرۆکی حکومەت ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی، کە چاوەڕوان دەکرێت ئەو پرۆسەیەش ٢٠ تا ٢٥ ڕۆژ بخایەنێت.

*** لە میانەی ئەو ماوەیەی بۆ پێکهێنانی حکومەت دیاری دەکرێت، ئایا لەسەر دەسنیشانکردنی پۆستەکان هیچ ئاستەنگێك لەبەردەم پێکهێنانی حکومەت دروست نابێت، بەتایبەتی کە ئەم پرسە بۆ یەکێتیی نیشتمانی ئاسان نییە (مەبەست دیاریکردنی کاندیدەکانیانە بۆ ئەو پۆستانەی بەریان کەوتووە)؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم هیچ ئاستەنگێك دروست ببێت، چونکە لەسەر هەموو پۆستەکان ڕێککەوتووین، تەنیا کێشەی زیادکردنی جێگری سەرۆکی هەرێم مابوو، ئێستا ئەویش بەرەو چارەسەرکردن چووە. لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئێمەش ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ یەکێتی واژۆ دەکەین و پرسی پۆستەکانیش دەکەوێتە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، کەواتە یەکێتی

**یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم حکومەتە ئەوەیە کە بەربەستەکان تێپەڕێنێت، ئەمە بە ڕاشکاوی بە یەکێتیش وتراوە، دەبێت حکومەتی ئەمبەر و ئەوبەری دێگەڵە نەمێنێت و حکومەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و بڕیارەکانی جێبەجێ بکرێن**

نزیکەی دوو هەفتەی لەبەردەستدا دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستەکان لە نێو خۆیاندا.

*** بەڵام حزبەکان و کابینەی بنکەفراوان یەکێك بووە لە هەرە کێشەکانی بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ ئایا لە کابینەی نوێشدا هەمان ئەزموون دووبارە نابێتەوە؟**

- یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ئێمە ئەوە بوو حکومەتێکی بنکەبەرفراونمان هەبوو، کە هەموو لایەنەکان بەشداری بوون، ئەمەش ئەزموونێك بوو تاقی کرایەوە و پێم وانییە سەرکەوتوو بووبێت. بۆیە ئێستا ئەو قەناعەتە دروست بووە، کە پێویست ناکات بە شێوەی جاران حکومەتی بنکەفراوان دروست بکرێت، ئەمەش هەنگاوێکی باشە و پارتییش لە ئیحراجبوون رزگار دەکات و حکومەتەکەش لەم سێ لایەنە (پارتی و گۆڕان و یەکێتی) پێکدێت.

*** ئایا پێت وایە ئەم کابینەیە بتوانێت بەسەر کێشەو ئاستەنگی بەردەم دووئیدارەییدا زاڵ بێت و حکومەتێکی نیشتمانیی سەرتاسەری دابمەزرێت؟**

- لە راستیدا یەکێك لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم حکومەتە ئەوەیە کە بەربەستەکان تێپەڕێنێت، ئەمە بە راشکاوی بە یەکێتیش وتراوە، واتە دەبێت حکومەتی ئەمبەر و ئەوبەری دێگەڵە نەمێنێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و بڕیارەکان دەبێت جێبەجێ بکرێن. رەنگە کەسانێك هەبن کە بەرژەوەندییان لەوەدا بێت کە حکومەتەکە وەك جاران بێت، ئەمەش یەکێك بووە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەمجارە هەردوولا بە یەکێتی و پارتی بەشداری دەکەن و چیتر ئەم حکومەتە نیوە بە نیوە نابێت، بەڵکو حکومەتی هەموو کوردستان دەبێت. واتە لە کۆبوونەوەکان باس لەوە کراوە کە دەبێت هەموو دەسەڵاتێك بدرێت بە حکومەت و حزبیش دەستێوەردان لە کاروبارەکانی حکومەتدا نەکات.

*** هەندێك لە شرۆڤەوانانی سیاسی باس لە گرنگیی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و پێیان وایە پێکهێنانی ئەم کابینەیە گرنگە، لەبەر ئەوەی کابینەی داهاتوو دەتوانێت لەگەڵ حکومەتی عێراق رێککەوتن لەسەر کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکات، ئایا لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تاچەند گەشبینی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێن؟**

- ئەگەرچی هێشتا زۆر دۆسێ و کێشە ماوە یەکلا بکرێنەوە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا هەنگاوی باشمان ناوە، چارەسەری زۆربەی کێشەکانیش پەیوەستە بە پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و بەغدا چاوەڕوانە ئەم حکومەتە پێکبێت بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، گفتوگۆ و دانوستانەکانیش بە مەبەستی ئەوەیە لەسەر بنەمایەکی نوێ رێکبکەوین، بەتایبەتی لە بوارەکانی تەکنیکی و بودجەی هەرێمی کوردستان و کێشەکانی دیکە کە بە باشبوونی ئاستی ژیانی خەڵکەوە پەیوەستن، هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتەوە.

*** لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان خەڵکی چاوەڕێی ئەوەن کە لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نوێدا گۆڕانکاری بەسەر ژیانیاندا بێت و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەست پێ بکەنەوە و بازاڕ ببووژێتەوە، ئایا ئەم گەشبینییەی خەڵك بە کابینەی داهاتوو لەسەر چ بنەمایەك سەرچاوەی گرتووە؟**

- لە راستیدا هاووڵاتییان قۆناغێکی سەختیان تێپەڕاند و زۆریان بەرگە گرت، کەواتە ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی داهاتوو، بۆ نموونە: یەکێك لە هەنگاوەکانی حکومەت ئەوەیە کە هەوڵبدرێت هەلی کار بۆ گەنجان بڕەخسێندرێت. ئێمە پشت بە خوا کێشەی مووچەمان تێپەڕاندووە، بەڵام حکومەتی داهاتوو ئەرکی قورسی دەکەوێتەسەرشان، بۆیە خەڵك مافی خۆیەتی هیوای زۆری هەبێت بەم حکومەتە، بە دڵنیاییەوە ئەم حکومەتەش کار بۆ هێنانەدی خواستەکانی خەڵك دەکات.

*** زۆرجار کادیر و دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان گلەیی ئەوەیان هەیە، کە ئەو دەنگانەی ئەوان بە پارتەکەیان داوە، لەسەر مێزی دانوستان و گفتوگۆکان بە لایەنەکانی دیکە دەدرێت، ئایا پێت وانییە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**تەنیا کێشەیەک کە مابوو ئەوە بوو کە گۆڕان ڕازی نەدەبوو جێگری سەرۆکی هەرێم زیاد بکرێت، خۆشبەختانە ئێستا ئەم کێشەیەش بەرەو کۆتایی دەڕوات**

**لە چەند رۆژی داهاتوودا رێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ یەکێتی واژۆ دەکەین و پرسی پۆستەکانیش دەکەوێتە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، یەکێتیش بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستەکان لە نێو خۆیاندا نزیکەی دوو هەفتەی لەبەردەستدا دەبێت**

**یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئێمە ئەوە بوو حکومەتێکی بنکەبەرفراونمان هەبوو، کە هەموو لایەنەکان بەشداری بوون، ئەمەش ئەزموونێک بوو تاقی کرایەوە و پێم وانییە سەرکەوتوو بووبێت**

**ئێستا ئەو قەناعەتە دروست بووە، کە پێویست ناکات بە شێوەی جاران حکومەتی بنکەفراوان دروست بکرێت، ئەمەش هەنگاوێکی باشە و پارتییش لە ئیحراجبوون رزگار دەکات و حکومەتەکەش لەم سێ لایەنە (پارتی و گۆڕان و یەکێتی) پێکدێت**




**لە لایەن پارتییەوە جۆرێك لە سازشی بۆ لایەنەکان تێدایە؟**

- هۆکاری ئەوەی کە شەش مانگە ئەم کابینەیە پێکنەهاتووە ئەوەیە کە ئێمە بە لایەنەکانمان ڕاگەیاندووە کە ئەم حکومەتە لەسەر بنەمای دەنگی دەنگدەران پێکدێت، بۆیە ئێمە بمانەوێ، یان نەمانەوێ ناتوانین ڕێز لەو دەنگانە نەگرین، کەواتە ئەم حکومەتە لەسەر بنەمای ئەو دەنگانە پێکدێت. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت دەنگدەری پارتی هەست بکات کە دەنگەکەی نەفەوتاوە و ڕێزی لێگیراوە.

*** زۆر باس لە پرۆسەی چاکسازی دەکرێت، کە کابینەی داهاتووی حکومەت دەستی پێبکات، ئایا بە ڕای ئێوە ئەو سێکتەرانەی کە پێویستە بەپەلە چاکسازییان تێدابکرێت، چین و تاچەند پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت بە یاسا پشتگیریی ئەم چاکسازییە بکات؟**

- ئێمە هەموو کات گوتوومانە، بەداخەوە پرۆژەی چاکسازی کە بە ئەنجامدانی چەندین چاکسازی حکومەتی پابەند دەکرد، تا ئێستا لەبەر بەرژەوەندیی لابەلا تێنەپەڕیوە، بەڵام ئێستا هیچ بیانوویەك نەماوە و پارتییش چەندین پرۆژەی ئامادە کردووە، لە پەرلەمان و لە دوای پێکهێنانی حکومەت ئەو پرۆژانە دەچنە بواری جێبەجێکردن. ڕاستە چاوەڕوانییەکی زۆرمان کرد، تاوەکو حکومەتەکە پێکبهێنرێت، بەڵام لە داهاتوو و لە ناو پەرلەماندا بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەی چاکسازی کە لە بەرژەوەندیی خەڵك بێت، پارتی چاوەڕوانی هیچ کەس ناکات. واتە زۆر پرۆژە هەن بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵی و هێنانەدیی شەفافییەتی زیاتر کە دەبێت جێبەجێ بکرێن، پێشتر زۆر کەس لەو بوارەدا بەربەست بوون، بەڵام ئێستا ئەو بەربەستانە نەماون و لە دوای پێکهێنانی حکومەتەوە هەڵمەتی گەورە لەلایەن حکومەت و پەرلەمانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکمان داوە. واتە بۆ ئەوەی بتوانین جارێکی دیکە و بە شێوەیەکی باشتر متمانەی خەڵك بەدەست بهێنینەوە، هەموو ئەو بەڵێنانەی ئێمە بە خەڵکمان دابوو لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبێت ببنە پرۆژە، خەڵکی چاوەڕوانە و ئێمەش ئومێد دەکەین ئەم حکومەتە بە سەقامگیریی سیاسی و بە باشتربوونی دۆخی ئابووری بەڵێنەکان جێبەجێ بکات و لە بواری چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵیدا حکومەتێکی بەهێز بێت، لەبەر ئەوەی پارتی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان بووە و پارتی حزبی یەکەمە و پێکهێنەری سەرەکیی ئەم حکومەتەیە، پێویستە ئەم حکومەتە ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات کە پارتی بە خەڵکی داوە. من ئومێدم زۆرە لەم ڕووەوە، چونکە پارتی هەمیشە لەگەڵ خەڵکدا حزبێکی ڕاستگۆ بووە.

**پشت بە خوا کێشەی مووچەمان تێپەڕاندووە، بەڵام حکومەتی داهاتوو ئەرکی قورسی دەکەوێتەسەرشان، بۆیە خەڵک مافی خۆیەتی هیوای زۆری هەبێت بەم حکومەتە، بە دڵنیاییەوە ئەم حکومەتەش کار بۆ هێنانەدی خواستەکانی خەڵک دەکات**

**بەداخەوە پرۆژەی چاکسازی کە بە ئەنجامدانی چەندین چاکسازی حکومەتی پابەند دەکرد، تا ئێستا لەبەر بەرژەوەندیی لابەلا تێنەپەڕیوە، بەڵام ئێستا هیچ بیانوویەک نەماوە و پارتییش چەندین پرۆژەی ئامادە کردووە، لە پەرلەمان و لە دوای پێکهێنانی حکومەت ئەو پرۆژانە دەچنە بواری جێبەجێکردن**

ڕێبوار تاڵەبانی
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# بەبێ ئاساییکردنەوەی دۆخی شاری کەرکووک هەڵبژاردنیش بکرێت هیچ شەرعییەتێکی نابێت

لەگەڵ ئەوەی دۆخی عەسکەرتارییەت و تەعریب لە پارێزگای کەرکووک چارەسەر نەکراوە، هاوکات بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنەکە تەنیا سەرۆکی ئەنجومەن دەتوانێت داوای ئەوە بکات کەی کۆبونەوە بکرێت و لە کوێ بکرێت و بابەتی کۆبوونەوەکانیش چی بن، بەڵام هەوڵەکان بۆ تەعریبکردنی پارێزگاکە و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا بە شێوەیەکی نایاسایی بەردەوامن، ئەمە و چەند پرسێکی دیکەی هەنووکەیی تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک پێکدەهێنن کە لێرەدا دەقی دیمانەکە بڵاو دەکەینەوە.



*** لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەوڵەکانی دژایەتیکردنی پێکهاتەی کوردستانی و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەردەوامە و لە دواهەنگاویشدا ئێستا هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی سەرەڕای ئاساییەنەبوونەوەی دۆخی پارێزگای کەرکووك هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێدا ئەنجام بدرێت، ئایا پێش ئاساییبوونەوەی دۆخی شارەکە ئاساییە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت؟**

- لە راستیدا ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت پەیوەستە بە هەڵبژاردنەوە، کە کار لەسەر دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن دەکرێت، لەگەڵ پرسی ئەوەی ئایا ئەو هەڵبژاردنانە کەرکووك دەگرێتەوە، یان نا، کە ئێستا کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن کار لەسەر ئەم پرسە دەکات. لە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە ئێستا کوتلەی بەرەی تورکمانی و هەندێ لە کوتلە عەرەبییەکان داوای پێداچوونەوە بە تۆمارەکاندا دەکەن، هەروەك چۆن لە ساڵەکانی پێشوودا داوایان کردووە. بەڵام لیستی برایەتی، یان لیستە کوردستانییەکان کێشەی ئاساییکردنەوەی شاری کەرکووکیان هەیە، چونکە ئەگەر هەڵبژاردن لە شاری کەرکووك بکرێت و دۆخی شارەکە ئاسایی نەکرێتەوە، ئەوا یەکێك لە مەرجەکانی دەستوور بەدی ناهێنرێت کە بریتییە لە ئازادیی رادەربڕین، ئێمە دەزانین کە لە سایەی ئەم دۆخەدا کورد ئازادیی بۆ فەراهەم نەکراوە، لەم روانگەیەوە هەر هەڵبژاردنێك بکرێت پێچەوانەی دەستوورە. چونکە هێشتا بارودۆخی پێشوو بەردەوامە، واتە کورد هیچ دەسەڵاتی نییە و ژێردەستە، ئەگەرچی زۆرینەی ئەو شارەش پێکدەهێنێت، ئێمەش چەندین داواکاریمان هەبووە لە رێی پەرلەمانەوە، هەروەها لە رێی کەناڵە سیاسی و قەزائییەکانیشەوە، بەڵام بەداخەوە دۆخەکە وەك خۆیەتی و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە و ئێستاش هەموو حزبە کوردستانییەکان یەکدەنگن بۆ ئەوەی

**دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر سەرتاپای بارودۆخی شاری کەرکووک نایاسایی و نادەستوورییە، لەم روانگەیەوە هەر شتێک لەسەر ئەو بارودۆخە بنیات بنرێت، ئەوا بێگومان نایاسایی و نادەستووری دەبێت، چونکە هەر شتێک لەسەر شتی بێ بنەما بنیاد بنرێت، پووچەڵە**

بارودۆخی کەرکووک لەو عەسکەرتاریەتە دەرچێت.

*** هەرچەندە لە ماوەکانی رابردوودا چەند جارێک بڕیارتان دا کە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام نەدرا، تەنانەت ئێستا کوتلە عەرەبی و تورکمانەکان لە هەوڵی ئەوەدان کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنەکە بە بێ سەرۆکی ئەنجومەن ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدرێت، ئایا تاچەند دەستووری و یاساییە؟**

- من هەمیشە گوتوومە کە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر سەرتاپای بارودۆخی شاری کەرکووک نایاسایی و نادەستوورییە، لەم روانگەیەوە هەر شتێك لەسەر ئەو بارودۆخە بنیات بنرێت، ئەوا بێگومان نایاسایی و نادەستووری دەبێت، چونکە هەر شتێك لەسەر شتی بێ بنەما بنیاد بنرێت، پووچەڵە، بۆیە تا ئێستا وەك ئەنجومەن بڕیارمان نەداوە کۆبونەوە بکرێت، ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیەش مافی یەك کەسە ئەویش سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگایە و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەکە، تەنیا سەرۆکی ئەنجومەن دەتوانێت داوای ئەوە بکات کەی کۆبوونەوە بکرێت و لە کوێ بکرێت و بابەتی کۆبوونەوەکان چی بن. وەك دەزانن من تاوەکو ئێستا سێ جار بڕیارم داوە کۆبوونەوەی ئەنجومەن بکرێت، بەڵام ئەوە لیستەکانن کە نەگەیشتوونەتە دەرئەنجامێك و رێککەوتنیان نەکردووە. کەواتە هەر کۆبوونەوەیەکی دیکە کە سەرۆکی ئەنجومەن داوای نەکردبێت دەبێتە کۆبوونەوەیەکی نادەستووری و نایاسایی.

*** ئێوە لە چەندین بۆنەدا ئاماژەتان بەوە کردووە کە کار لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور نەکراوە، ئایا لە دوای پێشهاتەکانی ئەم دواییەی عێراق، لەم رووەوە هیچ کارێك کراوە؟**

- پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە کاتی خۆی و لە ساڵی ٢٠٠٥دا کە دەستوور نووسرایەوە، ئێمە بە سازشێکی زۆرەوە بەو ماددەیە رازی بووین، چونکە لە راستیدا دەبوو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە بێ ماددەی ١٤٠یش بگەڕێندرایەتەوە سەر کوردستان و دواتر ئەو دەستوورە بنووسرایەتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت کورد بەمە رازی بوو لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترا عێراقی نوێ. کەچی بەداخەوە دوای سێ خولی پەرلەمانی و دوای هەبوونی زیاتر لە ٢٥٠ ئەندام پەرلەمان و سێ سەرۆك کۆماری کورد و سێ جێگری سەرۆك وەزیرانی کورد و سێ جێگری سەرۆك پەرلەمانی کورد، نەتوانرا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، چونکە حکومەت و پەرلەمانی عێراق کە زۆرینەیان غەیرەکوردن قبووڵ ناکەن و بگرە پێچەوانەی ئەم ماددەیە کار دەکەن. ئەوەی تا ئێستا لێی جێبەجێ کراوە، تەنیا پەیوەستە بە برگەی یەکەمی ماددەکەوە کە هەندێ قەرەبووکردنەوە بە خێزانە کوردە دەرکراوەکان و عەرەبە هاوردەکان دراوە. کەواتە حکومەتی عێراق هیچ نییەتێکی نییە لە هیچ یەکێك لە قۆناغەکاندا ماددەی ١٤٠جێبەجێ بکات، ئەگەر تا ئێستا کورد بە نییەتی پاکەوە مامەڵەی کردبێت و دەرفەتی دابێتە حکومەتی عێراق، ئەوا لەو باوەڕەدا نیم چیتر کورد ئەم متمانەیە بە حکومەتی عێراق بکاتەوە. بەداخەوە تا ئێستا نێوماڵی کوردیش یەکریز نییە و ئەمەش دەرفەتی زیاتری بۆ ئەوان دروست کردووە بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە جێبەجێ نەکرێت.

*** ئایا هەر ئەم نەبوونی یەکڕیزییە لە نێو کورد کاریگەری خراپی لەسەر ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووک نەبووە؟**

- بە دڵنیاییەوە کاریگەریی زۆری هەیە، ئەوەتا پرسی پێکهێنانی حکومەتیش لە کوردستاندا پەیوەستە بەم پرسەوە، چونکە حکومەتی عێراقی رایگەیاندووە کە لە پەیوەندی بە پرسی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەوە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دەکەن. لەبەر ئەوەی لەبەر هەر هۆکارێك بێت تا ئێستاش حکومەتی هەرێمی پێکنەهێنراوە، بۆیە کەیسی کەرکووك و ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەم شارە دواخراوە، بۆیە هەموو کوردێکی دڵسۆز خوازیارە ئەم حکومەتە پێکبهێنرێت، چونکە دواخستنی لە بەرژەوەندیی کورد نییە.

*** ئاشکرایە کە باس لەوە دەکرێت عادل عەبدولمەهدی کەسێکی میانڕەوە و دەیەوێت کێشەکان بەرەو چارەسەر ببات، ئایا پێت وایە لە ئێستادا دەرفەتێکی باشتر بۆ کورد دروست بووە، بۆ ئەوەی کار لەسەر پرسی کەرکووکیش بکرێت؟**

- راستە لە زۆر ناوەندی عێراقی عادل عەبدولمەهدی بە کەسێکی میانڕەو و نەرم وەسف دەکرێت، بەڵام ئێمە دەزانین ئەو بە تەنیا نییە و کوتلە گەورە عێراقییەکان زیاتر گۆڕەپانی سیاسیی

**تاوەکو ئێستا سێ جار بڕیارم داوە کۆبوونەوەی ئەنجومەن بکرێت، بەڵام ئەوە لیستەکانن کە نەگەیشتوونەتە دەرئەنجامێك و رێککەوتنیان نەکردووە**

**دەبوو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە بێ ماددەی ١٤٠یش بگەڕێندرایەتەوە سەر کوردستان و دواتر ئەو دەستوورە بنووسرایەتەوە**

**دوای سێ خولی پەرلەمانی و دوای هەبوونی زیاتر لە ٢٥٠ ئەندام پەرلەمان و سێ سەرۆک کۆماری کورد و سێ جێگری سەرۆک وەزیرانی کورد و سێ جێگری سەرۆک پەرلەمانی کورد، نەتوانرا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت**

**لە زۆر ناوەندی عێراقی عادل عەبدولمەهدی بە کەسێکی میانڕەو و نەرم وەسف دەکرێت، بەڵام ئێمە دەزانین ئەو بە تەنیا نییە و کوتلە گەورە عێراقییەکان زیاتر گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیان قۆرخ کردووە**



عێراقیان قۆرخ کردووە، کەواتە ئەو ناتوانێت بە تەنیا بڕیار بدات و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو مەرجەعە سیاسییانەی کە ئێستا باڵادەستن لە حکومڕانیی عێراقدا، کە ئەوانیش بواری پێ نادەن. ئێمەش دەزانین کە کاتێك عێراق لاواز بووە هەمیشە بانگەوازی بۆ سەرکردە کوردەکان کردووە کە هاوکاریی بکەن، کاتێکیش بەهێز بووە پشتی کردۆتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد.

*** ئاشکرایە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر زۆرێك لە پۆستەکان لە کەرکووك لە کورد وەرگیراونەتەوە، ئایا زۆربەی ئەو پۆستانە چین و پاڵنەری ئەم بڕیارانە چی بوون؟**

- ئەمە پەرەپێدانی سیاسەتی پێشووی حزبی بەعسە لە چوارچێوەی تەعریبکردنی کەرکووك، دوایین حاڵەتیش لابردنی بەڕێز عادل محەمەدە کە یەکێکە لە کەسایەتییە باشەکانی کورد لە کەرکووك کە لە دەزگای نەوتی کەرکووك لابردراوە و کەسێکی عەرەب لە جێی دانراوە، ئەوان دەرفەتی ئەوەیان بەکارهێناوە کە هێشتا کەیسی کەرکووك لە نێوان هەرێم و بەغدا یەکلا نەبۆتەوە، واتە ئەوان ئەم دەرفەتانەیان بەکارهێناوە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کورد لە شاری کەرکووك.

*** ئێستا هەوڵی ئەوە دەدرێت چەند ناوچەیەك بە کورد چۆڵ بکرێت، وەك سەرگەڕان، ئایا ئەم هەوڵانە بۆ تەعریبی کەرکووك تاچەند مایەی مەترسین؟**

- لە ڕاستیدا بێجگە لە سەرگەڕان و پەلکان، ئێستا عەرەبەکان چوونەتە لەیلان و گەمارۆی گوندە کوردییەکانیان داوە و هەڕەشەیان لێدەکەن تا ناوچەکە چۆڵ بکەن، بەداخەوە ئەمەش مێژووی عێراقمان بیردەخاتەوە کە هەمیشە هەروا بووە، کاتێك ئەوان دەسەڵاتیان هەبێت ئەوا یاسا و دەستوور پێشێل دەکەن. کەواتە جێی داخە کە ئێستا ئەم حاڵەتە بەردەوامە و تەنیا یەکڕیزیی کورد دەتوانێت ڕێگری لێ بکات، کە دەبێت حکومەتی کوردستان پێکبێت و کورد یەکدەنگ بێت و بە شاندێك لەگەڵ حکومەتی عێراق لەم بارەیەوە قسە بکرێت. واتە دەبێت یەکڕیزی بکەینە ئەولەوییەتی کارەکانمان، چونکە تاوەکو یەکهەڵوێست نەبین، ئەوا مافەکانمان بەدەست ناهێنین.

*** زۆر باس لە بابەتی پشکی کەرکووك دەکرێت لە پەیوەندی بە مەسەلەی پترۆدۆلارەوە، ئەمە بە کوێ گەیشتووە؟**

- بەداخەوە کەس باسی ئەوە ناکات کە حکومەتەکەی عەبادی دوو ترلیۆن دینار قەرزاری شاری کەرکووك بوو، واتە لە ساڵی ٢٠١٤وە تاوەکو ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ حکومەتی عێراق ئەو پارانەی بۆ پرۆژەکانی شاری کەرکووك خەرج نەکردووە. ئێستاش پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووك داوای بڕە پارەیەکی کردووە بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری بەپەلە و کۆبوونەوەش کراوە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام بە هیچ دەرئەنجامێك نەگەیشتوون.

**کاتێک عێراق لاواز بووە هەمیشە بانگەوازی بۆ سەرکردە کوردەکان کردووە کە هاوکاریی بکەن، کاتێکیش بەهێز بووە پشتی کردۆتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد**

**بێجگە لە سەرگەڕان و پەلکان، ئێستا عەرەبەکان چوونەتە لەیلان و گەمارۆی گوندە کوردییەکانیان داوە و هەڕەشەیان لێدەکەن تا ناوچەکە چۆڵ بکەن، بەداخەوە ئەمەش مێژووی عێراقمان بیردەخاتەوە کە هەمیشە هەروا بووە، کاتێک ئەوان دەسەڵاتیان هەبێت ئەوا یاسا و دەستوور پێشێل دەکەن**

# روانگەی ئیسلام و پرسی ئاسایشی نیشتمانی

گەلی کورد بە حوکمی موسڵمانێتی و دۆخە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی، هەمیشە دوو شت بە لایەوە گرنگ بووە و لێکی جیا نەکردۆتەوە: یەکەمیان: ئینتیما بۆ دین (ئایینی ئیسلام). دووەمیان: ئینتیما بۆ نەتەوە.

لەسەر ئەو دوو بنەما گرنگە کە تەواوکەری یەکترن، پرسی سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەیی پەرەی سەندووە، لەو نێوەدا ئیسلام وەك ئایین رۆڵی پێشەنگ و رابەری گێڕاوە، لە دابینکردنی ئەمن و ئارامیی وڵات و چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکان.

ئەمن و ئاسایش بۆ هەر گەل و وڵاتێك، وێڕای ئەوەی نیعمەتی خوای گەورەیە، لە هەمان کات پێویستی و پرسێکی هەستیارە و سەرچاوەی ژیان و تێکڕای خۆشی و پێشکەوتن و گەشە کۆمەڵایەتییەکانە، خوای گەورە لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز باسی لەو نیعمەتە کردووە، یەکێ لە مەهام و کارو هەنگاوانەیی پێغەمبەرانیش فەراهەمکردنی ئارامیی کۆمەڵگە بووە، یەکەم دوعای پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێ) بۆ دەستەبەربوونی ئاسایشی شارو وڵاتەکەی بووە، بە دەیەها فەرموودەی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) هەیە، باس لە گرنگیی ئەو پرسە دەکاو و، موسڵمانانی لێ هۆشیار دەکاتەوە.


ئیسلام وەك دوایین ئایین، سەرچاوەیەکی گرنگ و گەورەیە بۆ هێنانەدی ئەمن و ئارامی، ئەوەشی بە یەکێ لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی شەریعەت ناساندووە، لەبەر ئەوە مەسەلەی ئەمن لە چوارچێوەی ئیسلامدا، هەڵقووڵاوی دەرەنجامی ئەو ئیمانەیە، کە لەسەر دەستی ئیماندار بۆ کۆمەڵگە بەرهەم دێت، پابەندیی دینداری و ئەکتیڤکردنی پتری رۆڵی مینبەر و گەڕانەوە بۆ پەیامی راستەقینەی ئیسلام و فیقهی ئیسلامی، بەو تێگەیشتە زانستی و لۆژیکییەی، کە گەورە زانایانی پێشوو چوارچێوەیان بۆ داڕشتووە، هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەسەندن و بەرەوپێشەوەبردنی پرسی ئەمن و ئاسایش لەهەر زەمان و زەمینێکدا.

ئیسلام پێشکەوتووە لە دانانی سیستەمی گونجاو بۆ هێنانەدی دۆخی ئەمنی، لەو سۆنگەوە پێویستە موسڵمانان رۆڵی دیاریان هەبێت لە پێناو بەرقەرارکردنی ئاسایش بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەو پێیەی ئەم ئەرکە درێژەپێدەری رێبازی راستەقینەی پێغەمبەری ئیسلامە و لە بنەڕەتیشەوە چەمکی ئەمن لە ئیمانەوە هاتووە و، بە هەموو بەشەکانیەوە داخوازی و داوایەکی پێویست و رەوا و شەرعییە.

هەبوونی ئەمن و ئارامی لەناو هەر کیان و کۆمەڵگەیەك، بە قازانجی تێکڕای تاکەکان تەواو دەبێ، وڵاتیش لە هەموو رووییەکەوە دەچێتە پێشەوە، تەنانەت لایەنی دینداری و بەجێگەیاندنی ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیش جوانتر ئەنجام دەدرێن.

ئیسلام لە مێژووی مرۆڤایەتی شۆڕشێك بوو، کە گۆڕانی بەسەر جیهان و واقعی میللەتاندا هێنا و، پەرەی بە ئەمن و ئاسایش دا، لەسەر بنەمای فکری و سیاسی و ئەخلاقی و رۆحی و کۆمەڵایەتی ئەم فکرەیەی دامەزراند و چەندین میکانیزمی بۆ دیاری کرد.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وەك نێردراوێك لە لایەن خواوە بۆ مرۆڤایەتی، گرنگیی زۆری داوە بە مەسەلەی (ئەمن) چ لە ژیانی ئاشتی و چ لە ژیانی جەنگ، لە دەقە پیرۆزەکانیشیەوە ئەمە دیارە، تەنانەت بەڕێوەبەری ئاسایشی بۆ شار دیاری کردووە، دوای ئەویش خەلیفە راشیدەکان بە هەمان شێوە بە پێی دەسەڵاتی خۆیان، کە حوکمی ئیسلامەتییە پەرەیان بە مەسەلەی ئەمنی قەومی داوە، چ لە رێی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و چ لە رێگەی تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکەوە، ئیمامی ئەبوبەکری سدیق لە سەردەمی



**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی***

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

خەلافەتیدا فەرمانی دەرکرد، عەبدوڵای کوڕی سەعید بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی خەڵك و ناوچەکە لە شەودا بەناو کوچە و کوڵان و شاردا دەگەڕا، لە سەردەمی خەلافەتی ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێ بێ) سەربازگە دروست کرا، تەنانەت هێز و سوپای لە خەڵکی مەدەنی جیا کردەوە، لە سەردەمی (ئەمەوییەکان) دا هێزی پۆلیس و پاراستن بۆ چاودێریکردنی کەسانی گومانلێکراو دیاریکرا، ناسنامەی باری کەسییان بۆ هاووڵاتیان دانا و سیستەمی چاودێریکردنی کەسانی گومانلێکراویان داهێنا، ئەمانە هەموو بۆ ئەوە بوون بتوانن سیستەمی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێك بخەن و، کۆنترۆڵی ئەمن و ئاسایشی خەڵك و خاك و کۆمەڵگەی ئەوسا بکەن.

چونکە فەلسەفەی ئەمنی قەومی دەگەڕێتەوە سەر متمانەی تاك بە کیان و دەسەڵاتەوە، کاتێك ئەو متمانەیە هەبوو زۆر ئاسانە پەرە بە ئەمن بدرێ، بەڵام بەپێچەوانەوە مەسەلەکە دژوار دەبێ و، بنەما سەرەکییەکە تێك دەشکێت. پێویستە هەمووانیش ئەوە بزانین، کە هەبوونی ئەمن و ئاسایش لەناو هەر کیان و وڵاتێك، کاریگەری راستەوخۆ و هەمەلایەنە و یەکجار زۆر و باشی لە سەر ڕەوشی ژیان دەبێ، بە هۆیەوە مرۆڤ هەست بە ئۆقرەیی دەکا و کۆمەڵگەش لە زۆر ڕووەوە سوود و قازانجی پێ دەگات، لەوانە:

یەکەم: ژیان دەکەوێتە خۆشی و ئارامی و بە شێوەیەك تاکەکان هەست بە لەززەتی نیعمەتەکان دەکەن و خۆشی و ڕەفاهیەت بڵاو دەبێتەوە و، بە ئاسایی و دوور لە ترس و بیم گوزەرانی هاووڵاتیان بەڕێوەدەچێ.

دووەم: بواری شارستانیەت پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ و زەمینەی کار و پرۆژە و هەنگاونان و بایەخدان بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان پەرە دەستێنێ و بەرژەوەندییە گشتی و باڵاکان پارێزراو دەبن.

سێیەم: لە ڕووی ئابووری و گەشەی کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی و پێشخستنی وڵات و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ژیان، کۆمەڵگە دەکەوێتە بارێکی باش و ڕەوشێکی ئیجابییەوە.

چورام: سیستەمی خێزانی و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بەهای ڕێز و تەبایی و برایەتی و پرۆسەی پەروەردە و خوێندن و پێکەوەژیان و هەلی کار و ڕاییکردنی کاری ڕۆژانە و پلان و ئامانجە کەسی و تایبەتییەکان، دەکەونە یەك و زەمینەی باش و لەبارەیان بۆ دەڕەخسێ و پێشوەچوونی زۆر و بایەتییانە بەخۆیەوە دەبینن.

شەشەم: مافە گشتی و تایبەتییەکان پارێزراو دەبن و خەڵك بە ئاسانی دەتوانێ مومارەسەی مافە بنەڕەتی و سەرەتاییەکانی ژیانی خۆیان بکەن.

حەوتەم: دادپەروەری و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئاشتی و زەمینەی حیوار و ڕاوێژ و بیری میانڕەوی و هاوسەنگبی بڕیار و کارابوونی دادگا و ئارامی لە ناو وڵات بڵاو دەبێتەوە.

هەشتەم: زۆر بە ئاسانی مرۆڤ دەتوانێ دینداریی خۆی بکا و بە شێوەیەکی ئاسایی دروشمە ئایینییەکانی جێبەجێ بکات و بە ئاسانی بەشداری نوێژی بەکۆمەڵ و وتاری ڕۆژانی هەینی و تێکڕای مەراسیمە ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان بکات.

بۆیە هەمووان چ وەك (تاك) چ وەك (موسڵمان) لەمەڕ ئەو پرسە بەرپرسیارین، دەستەبەرکردن و پاراستنی ئەمنییەت ئەرکێکی ئیمانی و ئینسانیی گەورەیە، بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەش پێویستە هۆشیاری و دڵسۆزی پێویست لەناو تاکەکان بوونی هەبێ، نەخاسمە لەوەها قۆناغێك کە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆرمان لە پێشە و هەڕەشەی گرووپی توندڕەو و تیرۆریستی لە دەورمانەوە نزیکە.




**یۆجین گۆڵز**

**توێژەرەی باڵای سیاسەتی دەرەوە و بەرگری لە ئامۆژگای کاتۆ بۆ گوڵان:**

# ئەمریکا لە جیهاندا گەورەترین هێزی سەربازیی بێ وێنەیە و هەتا ٣٠ ساڵی دیکەش چین ناتوانێت رکابەری ستراتیژیی ئەمریکا بێت

لەوەتەی دۆناڵد ترەمپ بۆتە سەرۆکی ئەمریکا، کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی هاتۆتەئاراوە، کە کاریگەریی لەسەر تەواوی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە، بە سیستمی لیبرالیی نێودەوڵەتیشەوە، هەر ئەمەش وایکردووە کە لەناو ئەمریکاشدا ئەو بۆچوونانە هەبن، کە ئەم سیاسەتەی ئیدارەی ترەمپ، ئەمریکا بەرەو گۆشەگیری و ناسیۆنالیستێکی تاکڕەو دەبات، بەڵام لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا، خەڵکانی دیکەش هەن، کەپێیان وایە دووبارە داڕشتنەوەی سیستم و بەرنامەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەو شێوەی بەرژەوەندی ئەمریکا تێیدا مسۆگەر بکرێت، نە هەنگاوهەڵگرتنە بەرەو گۆشەگیری و نە هەنگاوهەڵگرتنیشە بەرەو ناسیۆنالیستێکی تاکلایەنە، ئەوەشی کە ترەمپ وەك سەرۆك لەم ماوەیەدا کردوویەتی شێوازێکی تایبەت بە خۆیەتی و بنەمای بیرکردنەوەی لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی دۆست و نەیاردا پەیوەستە بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەسەر بنەمای پاداشت و سزا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم سیاسەتە جیاوازەی ئیدارە ترەمپ و کاریگەرییەکانی لەسەر تەواوی دامەزراوە جیهانییەکان، ئەم دیمانەیمان لەگەڵ یۆجین گۆلز توێژەری باڵای سیاسەتی بەرگری و دەرەوە لە ئامۆژگای ستراتیژی کاتۆ و مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی نۆرس داما کرد. یوجین گۆبلز لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٢ گەورە راوێژکاری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە، لەم دیمانەیەشدا بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی لە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵاندا دەخاتەڕوو.

# ناتۆ بۆ ئەمریکا جێگەی بایەخە، بەڵام تێڕوانینی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی ناتۆ جیاوازە



*** پێش هەموو شتێك پرسیارەكە ئەوەیە وەك كەسایەتییەك كە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ هەڵدەسەنگێنیت، ئایا چۆن سەیری ئەو سەفقانە دەكەیت كە گرێی دەدات؟ هەروەها لەسەر ئەم وەرچەرخانەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكادا هاتۆتە ئاراوە، دەمانەوێت بزانین راتان چییە؟**

- راستە وەرچەرخانێك لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا هاتۆتە ئاراوە و ئەگەر بە سەرۆكەكەی پێش خۆی (باراك ئۆباما) بەراوردی بكەین، كارێكی زۆر قورسە، ئەو شێوازەی ئەو لەسەرەتاوە بەكاری هێناوە، شێوە سەركردایەتییەكی ئاڵوگۆڕی بەرامبەر (Transactional leadership) هەبووە، بەو مانایەی كە شێوازی ترەمپ لەسەر بنەمای (پاداشت و سزا) بووە، ئەمەش جۆرێك لە راستیی تێدایە. ترەمپ وا مەزندە دەكات هەردوو لایەنی رێككەوتنەكە ئەوجا (دۆست بێت، یان دوژمن) دەبێت سوود لەو ئاڵوگۆڕە لەهەر رێككەوتنێك وەربگرن، هەر بۆیە كە زۆر جاران سەرنج لە سیاسەتەكانی ترەمپ دەدەین، هەست دەكەین كە (ئاڵوگۆڕ) بیركردنەوەی ئەم سەرۆكەیە، بەڵام وەك دەزانین ئەو پێناچێت حەز لە پەیوەندی دوورمەودای باش بكات، ئەو دەیەوێت لەسەر خاڵێكی دیاریكراو دیالۆگ بكرێت و هەموو لایەنەكانیش بەشداربن بۆ بەدەستهێنانی ئەو خاڵە سەرەكییە و هەر ئەمەش لای ئەو راستە. بۆیە پێموایە زۆر شتی دیكە لە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ هەیە كە فرەڕەهەندن، ئەوە زۆر كەمترە كە بزانرێت بایەخ بە چی دەدات و ئەوەی ئەو بیری لێدەكاتەوە چییە، هەر بۆیە ئەگەر لەگەڵ سەرۆكەكانی پێش خۆی بەراوردی بكەین، دەبینین گۆڕانكارییەكان زۆر زۆرن.

*** ئاماژەتان بە چەمكی پێداگری لەسەر سیاسەتی پێداگری و خۆپاریزی (restraint) كرد، ئایا لەو بڕوایەدان سەرۆك ترەمپ قەناعەتی بەو ئاراستەیە هەیە، كە سیاسەتی دەرەوە بەرەو گۆشەگیری و تاكلایەنیی ناسیۆنالیستی ببات؟**

- زۆر پرسیاری جۆراوجۆر لەسەر ئەم ئاراستەیە هەیە، بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم كە سەرۆك ترەمپ قەناعەتی ستراتیژیەتی پێداگری (as-trategy of restraint) هەبێت، گەورەترین جیاوازیی ئاشكراشی لە سیاسەتی سەربازیدا هەیە، هەر بۆیە سەرۆك ترەمپ بەرەو ئەو سیاسەتە دەچێت كە پیشەسازیی ئەمریكا لە ململانێی بیانی بە رێگەی سەپاندنی باج لە هاوردەكان بپارێزێت، ئەمەش پێی دەگوترێت: (protectionism)، هەر بۆیە زۆر جار حكومەت دەست لە سیاسەتی ئابووری وەردەدات و، ئەو میتۆدی پێداگرییەش چەند پێویست بێت، پشتگیری لە بازرگانی ئازاد دەكات، ئەمەش جیاوازییە گەورەكەیە، بۆیە من پێوایە سەرۆك زیاتر كەسێكی خێرایە لە قسەكردن و تووڕەكردنی بەرامبەر (pugnacious) نەك كەسێك بێت كە ددان بەخۆدا بگرێت، یان پێداگری لە میتۆدێكی دیاریكراو بكات (restraint)، نەزمی قسەكانی ئەو وادەردەكەوێت كە هەڕەشە دەكات و دەیەوێت كاردانەوە پیشان بدات، بەڵام تێڕوانینی كەسێك بیەوێت ددان بەخۆدا بگرێت، یان پێداگری لە میتۆدیكی دیاركراو بكات، دەبێت لەسەرخۆ بێت. هەر بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین سەرۆك بە زۆر شێواز لە هەندێك لە تەنگژەكانی جیهاندا پاشەكشەی كردووە و بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە، كە ئەگەر دەوڵەتانی دیكە ئەوەی لەسەرشانیانە پێی پابەند نەبن، یان جێبەجێی نەكەن، ئەوا لە هەموو ئەو رێوشێنانە دووردەكەوێتەوە كە بەكارهێنانی سەربازی تێدا بێت، هەر بۆیە سەرۆك ترەمپ لە شێوازی قسەكردنەكەی سەبارەت بە بەكارهێنانی هێز، یان هەڕەشە بەردەوامەكانی هیچ دوودڵ نییە. بەم دواییانە بەو ئاستە هەڕەشەی لە كۆریای باكوور نەدەكرد، بەڵام ئەو هەوڵیدا هەڕەشە لە كۆریا بكات، لەم نزیكانەش ئامادەباشی پیشاندا كە هەڕەشە لە فەنزیولا بكات، بۆیە من لەو بڕوایەدا نیم سەرۆك ترەمپ بەو شێوازە بیر بكاتەوە. ئەم شێوازەی ترەمپ بەشێكە لە شێوازی سەركردایەتیكردنی ئاڵوێری بەرامبەر كە ئەو

**سەرۆک ترەمپ بەرەو ئەو سیاسەتە دەچێت کە پیشەسازیی ئەمریکا لە ململانێی بیانی بە ڕێگەی سەپاندنی باج لە هاوردەکان بپارێزێت**

**سەرۆک ترەمپ لە شێوازی قسەکردنەکەی سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز، یان هەڕەشە بەردەوامەکانی هیچ دوودڵ نییە**

**ئاراستەی گشتی و تێڕوانینی گشتیی سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بەو جۆرەیە کە زۆر بایەخ بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نەدرێت، بەڵام ئەمەش لە سیاسەتێکی دیاریکراووە سەرچاوەی گرتووە کە ڕێگە نادات هیچ بڕیارێکی گشتگیر دروست بکرێت**



بایەخ بەم شێوازە دەدات، ئەم شێوازە بەو جۆرە دەردەکەوێت کە ئەو بیەوێت مامەڵە بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە بکات، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر خەڵکانێك ئامادەبن چەند ملیار دۆلارێکی کەم بە ئەمریکا بدەن، یان سوپای ئەمریکا بنێرێت بۆ یارمەتی هەندێك وڵات، ئەمە جۆریکە لە سرووشتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەر بۆیە ئەگەر ئەم میتۆدە هاوشان نەبێت لەگەڵ میتۆدی پێداگری و ددانبەخۆداگرتن، ئەوە پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی نیشتمانی و بەرگریی ئەمریکاوە هەیە، نەك بەفیرۆدانی پارەی وڵات، بۆیە دەبێت ئەمە ئاشکرا بێت لە بیرکردنەوەی پشت پەردەی سەرۆکدا. ئێوە دەزانن ئەگەر خەڵك ئامادە بێت پارە بە ئەمریکا بدات، ئەوە دەبێت ئەمریکاش ئامادەباشی هەبێت لە پێناوی ئەواندا بجەنگێت، من پێموانییە ئەمە بەکارهێنانێکی راستی هێزەکانی ئەمریکا بێت، بەڵام ئێوەش دەزانن پرسیاری دیکە ئەوەیە کە ئایا تۆ خۆت بە خاوەنی نەتەوە دەزانی؟ وەڵامی پرسیارەکە دەبێتە (بەڵێ)، هەر بۆیە سەرۆك ترەمپ ناسیۆنالیستە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئەو گۆشەگیرە؟ پێموایە وەڵامەکە نەخێرە، ئایا هیچ هاودژییەکی توند لەوەدا هەیە کە تۆ بڕوات بەوە بێت، سیاسەتی دەرەوە و هێزی ئەمریکا بەکار بهێنیت بۆ سنووردانان بۆ چین و رووسیا و ئێران؟ بێگومان نەخێر، بۆیە ئەم میتۆدە هەرگیز خۆگۆشەگیرکردن نییە.

*** بەڵام ئەوەی رەخنەیە لە ئیدارەی ئێستای ترەمپ ئەوەیە کە لانیکەم بە حەماسەوە باوەشی بۆ فرەیی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نەکردۆتەوە، ئایا پێتوایە ئەم ئیدارەیە و خودی ترەمپیش لەو قەناعەتەدان کە ئەم قۆناخە شایستەی ئەوەیە کە ئەمریکا باڵادەست بێت بەسەر ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانەی ئێستا بوونیان هەیە، ئایا ئەمە لە بەرژەوەندیی ئەمریکادایە؟**

- من وای دەبینم کە ئاراستەی گشتی و تێڕوانینی گشتیی سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بەو جۆرەیە کە زۆر بایەخ بە دامەزاروە نێودەوڵەتییەکان نەدرێت، بەڵام ئەمەش لە سیاسەتێکی دیاریکراوەوە سەرچاوەی گرتووە کە رێگە نادات هیچ بڕیارێکی گشتگیر دروست بکرێت، بۆیە ئەوە ئاشکرایە ئەمریکا بەو ئامانجە بەشداری لەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانە نەکردووە کە هەوڵبدات ئەو دامەزراوانە تێکبدات، یان فەرامۆشیان بکات، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ئەمریکا زۆر جاران گلەیی لە دامەزراوەی بازرگانی جیهانی (WTO) هەبووە، بۆیە هەندێك جار بەشداری کردووە و هەندیك جاریش نەیکردووە، هەر بۆیە ئەو لە سیستمی نێودەوڵەتیی رۆژئاوا نەهاتۆتە دەرەوە، بەڵام پاشکەشەی لە پەیماننامەی پاریس بۆ کەشوهەوا کردووە. هەروەها لە چەندین دامەزراوەی دیکەی جیهانی پاشەکشەی نەکردووە، بەڵکو هەوڵیداوە بە کردەیی بەشداری تێدا بکات، بەڵام ئاشکرایە کە ئەمریکا تێڕوانینی خۆی هەیە، بۆ نموونە سەبارەت بە هاوپەیمانیی ناتۆ دەوڵەتانی دیکەش تێڕوانینی خۆیان هەیە، بۆیە ئەمریکا بایەخ بە هاوپەیمانیی ناتۆ دەدات و هیچ هەستێکی ستراتیژی بوونی نییە کە پێی وابێت هاوپەیمانیی ناتۆ بۆ ئەمریکا رێکخراوێکی گرنگ نییە.

*** بەڵام زۆر جاران باس لە سیستمی نێودەوڵەتی و بنەماکانی ئەو سیستمە دەکرێت، زۆرجار لە توێژەر و ئەکادیمییەکان گوێبیستی ئەوە دەبین، ئەم سیستمە نێودەوڵەتییەی ئێستا لەبەریەك هەڵوەشاوە، ئایا تا چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایت؟ هەروەها ئایا لەگەڵ ئەوەدایت کە سیاستەکانی سەرۆك ترەمپ بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵدانە بۆ نەمانی ئەم سیستمە نێودەوڵەتییە؟**

- من بە تەواوەتی نەگەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە هێز لەسەر بنەمای سیستمی نێودەوڵەتی بەکار بهێنرێت. دیارە لەسەر ئاستی

**به تەواوەتی نەگەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی که هێز لەسەر بنەمای سیستمی نێودەوڵەتی بەکار بهێنرێت. دیارە لەسەر ئاستی جیهانیش ژمارەیەک دامەزراوەی نێودەوڵەتی هەن، هەر بۆیە ناوە ناوە ئەمریکا بۆچوونی جیاوازی لەسەر ئەم دامەزراوانە هەیە**

**سەرۆک ترەمپ بۆ یەکەمین جار بیانووی ئاسایشی نیشتمانی بۆ سەپاندنی گومرگ لەسەر هەندێک شمەک بەکارهێنا، لەوانەش وەک: (ئاسن و ئەلەمنیۆم)، ئاشکراشە کە یاساکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی رێگەی بە دەوڵەتان داوە کە ئەو کارە بکەن**

**هەندێک کەس وای دەبینین کە سەرۆک ترەمپ بازرگانیی ئازاد رەتدەکاتەوە، بەڵام نەخێر، وانییەو ئەو هەوڵیداوە رێگەکە بە شێوەیەک بگۆڕێت کە وەڵامدانەوە بێت بۆ رێگەی خۆپاراستن، واتە ترەمپ سەرۆکێکە کە بە میتۆدی پارێزگاری (پرۆتێکشنست) کاردەکات**

جیهانیش ژمارەیەك دامەزراوەی نێودەوڵەتی هەن، هەر بۆیە ناوە ناوە ئەمریکا بۆچوونی جیاوازی لەسەر ئەم دامەزراوانە هەیە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی هەست بکات لە بەرژەوەندیی نیشتمانی ئەودا نین، هەر بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە و هەوڵدەدرێت کە بنەمای ئەم دامەزراوانە بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا بگۆڕدرێن. ئەم سەرۆکەی ئێستا ژمارەیەك ڕێوشوێنی گرتۆتە بەر بۆ پارێزگاری لە ئەمریکا، بۆیە لەوانەیە هەندێك کەس هەبن هەڵوێستی دیکەیان بەرامبەر ئەم ڕێوشوێنانە هەبێت و پێی رازی نەبن، بۆیە دەشێت ئەم دامەزرانەوانە پێشتر سوودمەند بووبن بەڵام ئێستا وانەبن، یان پێوست نەبێت لە ئێستادا ئەوەندە بایەخیان پێ بدرێت، هەر بۆ نموونە ترەمپ گوشارەکانی لەسەر ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی چڕکردەوە لەسەر ئەولەوییەتە گشتییەکانی بازرگانیی ئازاد لە سیستمی (WTO)دا، ئەمە لە کاتێکدا هەندێك کەس دەیانگوت هەموو توخمەکانی سیستمی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی گرتۆتەوە، هەروەها سەرۆك ترەمپ بۆ یەکەمین جار بیانووی ئاسایشی نیشتمانی بۆ سەپاندنی گومرگ لەسەر هەندێك شمەك بەکارهێنا، لەوانەش وەك: (ئاسن و ئەلەمنیۆم)، ئاشکراشە کە یاساکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی ڕێگەی بە دەوڵەتان داوە کە ئەو کارە بکەن، واتە سەپاندنی گومرگ لەبەر ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایشی نیشتمانییەوە هەیە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتان ئەم کاریان نەکردووە، بەڵام ئێستا تێگەیشتنێك هاتۆتەئاراوە ئەگەر دەوڵەتێك ئەو کارەی کرد، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە کە چەمکی (بازرگانیی ئازاد) سەرلەبەری لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام لە پراکتیکیشدا ئەمە نەکراوە، یان هەندێك کەس وای دەبینین کە سەرۆك ترەمپ بازرگانیی ئازاد ڕەتدەکاتەوە، بەڵام نەخێر، وانییەو ئەو هەوڵیداوە ڕێگەکە بە شێوەیەك بگۆڕێت کە وەڵامدانەوە بێت بۆ ڕێگەی خۆپاراستن، واتە ترەمپ سەرۆکێکە کە بە میتۆدی پارێزگاری (پرۆتێکشنست) کاردەکات، ئەمەش بۆ بازرگانیی ئازادی جیهانی باش نییە. سەبارەت بەو هێرشە گشتگیرەشی دەکرێتە سەر سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، ئەمەش راست نییە و ئەو تەنیا ئەوەندەی دەوێت کە پارێزراو بێت و هەوڵیش بۆ ئەمە دەدات، ئەمەش شتێکی باشە.

*** دوایین پرسیارمان سەبارەت بە سیاسەتی جیهانییە لە ئێستادا، وەك دەبینین ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ململانێ و کێشمەکێش رووی لە زیادبوونە و کێشەکان روو لە هەڵکشانن، ئەمانەش هەموویان پەیوەندیدارن بە هێزە گەورەکانی جیهانەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئایا پێت وانییە کە جیهان لە قۆناخێکی وەرچەرخانداییە لە تاکجەمسەرییەوە بەرەو فرەجەمسەری کە بەرەو ململانێی گەورەی نێوان هێزە گەورەکان هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- نەخێر، من وای نابینم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەمریکا زۆر زیاتر لە هەر دەوڵەتێکی دیکەی ئەم جیهانە بەهێزترە، هەر بۆ نموونە ئەگەر چین بەم ئاستەی ئێستا گەشە بکات، ئەوجا لەوانەیە لە ٣٠ ساڵی داهاتوودا بتوانێت ململانێی ئەمریکا بکات، خۆشتان دەزانن لە ماوەی ئەم ٣٠ساڵەی دواییدا چین زۆر خێراتر لە ئەمریکا گەشەی کردووە، بۆیە ئەگەر هەتا ٣٠ ساڵی دیکە بەهەمان ئاست گەشە بکات، ئەوجا دەگاتە ئەو ئاستەی پێی بگوترێت هێزێکی جیهانیی سەربازی، ئەمەش مانای ئەوەیە چین هێزێکی لۆکاڵە و ئەمریکا هێزێکی جیهانییە، تەکنەلۆژیای ئەمریکا لە تەواوی دەوڵەتانی جیهان زۆر پێشکەوتووترە، چین هەوڵنادات خۆی بەسەر دەوڵەتانی دیکەدا فەرز بکات، چین لە قۆناخی دوای شەڕی سارد وەك یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە سەردەمی شەڕی سارد ڕەفتار ناکات و مونافسێکی ستراتیژیی ئەمریکا نییە، لەسەر ئاستی سەربازیی ئەمریکا بێ وێنەیە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە مونافیسی نییە، هەروەها مانای ئەوە نییە مونافیس بوونی نییە، ژمارەیەك دەوڵەت لە جیهاندا هەن، نایانەوێت ئەمریکا هەڵیانبسوورێنێت، بۆیە بەرهەڵستی دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە ئەمریکا زۆر بەهێزە و دەبێت ئەوانی دیکە خۆ بەدەستەوە بدەن، بەڵکو هەندێك دەوڵەت هەن واز لە مونافسە ناهێنێن، هەر بۆ نموونە چین و رووسیا، ئەمە لە کاتێکدا ئێران زۆر لە رووسیا و چین لاوازترە، هەروەها لە چاو هێزی ئەمریکا، ئێران هەر زۆر لاوازە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێران دەستبەرداری ئەوە دەبێت کە بەرهەڵستی نەکات.

**ئێران زۆر لە رووسیا و چین لاوازترە و هەروەها لە چاو هێزی ئەمریکا، ئێران هەر زۆر لاوازە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێران دەستبەرداری ئەوە دەبێت کە بەرهەڵستی نەکات**

**ژمارەیەک دەوڵەت لە جیهاندا هەن، نایانەوێت ئەمریکا هەڵیانبسوورێنێت، بۆیە بەرهەڵستی دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە ئەمریکا زۆر بەهێزە و دەبێت ئەوانی دیکە خۆ بەدەستەوە بدەن، بەڵکو هەندێک دەوڵەت هەن واز لە مونافسە ناهێنێن، هەر بۆ نموونە چین و رووسیا**

**چین هێزێکی لۆکاڵە و ئەمریکا هێزێکی جیهانییە، تەکنەلۆژیای ئەمریکا لە تەواوی دەوڵەتانی جیهان زۆر پێشکەوتووترە، چین هەوڵنادات خۆی بەسەر دەوڵەتانی دیکەدا فەرز بکات، چین لە قۆناخی دوای شەڕی سارد وەک یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە سەردەمی شەڕی سارد ڕەفتار ناکات و مونافسێکی ستراتیژیی ئەمریکا نییە**

دیمانەی تایبەت



## تۆماس پریستۆن

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی واشنتۆن ستەیت بۆ گوڵان:

# ترەمپ سیاسەتێکی تاکلایەنانە و گۆشەگیرانەی گرتۆتەبەر

تۆماس پریستۆن پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی واشنتۆن ستەیت. بەڕێوەبەری پرۆگرامی دادگەریی جیهانی و دیراساتی ئەمنییە لە هەمان زانکۆ، تایبەتمەندی سیاسەتی ئەمنی، کاروبارە دەرەکییەکانە، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و پێشتریش راوێژکاری چەند وەزارەت و دامەزراوەیەکی حکومەتی ئەمریکا بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە ئاراستەی سیاسەتی دەرەکیی ئیدارەی ترەمپەوە.

**کشاندنەوەی پشتیوانی لە کوردی سووریا بڕیارێکی کارەساتبارە و پێدەچێت ئەم بڕیارەی ترەمپ لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەردۆغان هەڵچنرابێت**

**سەرۆک ترەمپ و جۆن بۆڵتۆن و ئەو کەسانەی دیکە کە سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا هەڵدەسووڕێنن، کەسانێکن نایانەوێت کار لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا بکەن**

**ئیدارەی سەرۆک ترەمپ دەیەوێت لە ئەفغانستان بکشێتەوە بە بێ ئەوەی هەوڵی سەقامگیرکردنی ئەو وڵاتە بدات، واتە ئایا دەرئەنجامەکانی بڕیارێکی لەم چەشنە چی دەبێت، کە ئاشکرایە تاڵیبان دەسەڵات دەگرێتەوەدەست و دووبارە ئەو وڵاتە ناسەقامگیر دەبێتەوە**

**دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئەمریکا بەرەو داکشان دەچێت و هاوپەیمانەکانیش ئامادە نابن کاری لەگەڵدا بکەن، کە هەموو ئەمەش دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی نەیار و رکابەرەکانی ئەمریکا**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە ئەدای ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت، بە تایبەتی لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا؟**

- لە راستیدا زەحمەتە ئێمە بتوانین تێڕوانین و تێگەیشتنێکی گشتی بخەینەڕوو لەم بارەیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەم ئیدارەیە سیاسەتێکی بەهێزی دەرەکی هەبێت. هەروەها سیاسەتەکانی جیاوازە لەو سیاسەتە تەقلیدییانەی پێشتر گیراونەتەبەر. لەلایەکی دیکەوە هەندێ گۆڕانکاری بەدی دەکرێت لە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپدا کە پێم وایە کاریگەری زیانبەخشی هەیە، بۆ نموونە کشاندنەوەی پشتیوانی لە کوردی سووریا، کە پێم وایە ئەمە بڕیارێکی کارەساتبارە و پێدەچێت ئەم بڕیارەی ترەمپ لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەردۆغان هەڵچنرابێت. هەروەها لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بڕوانیت کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەوا گۆڕانکارییەکە بەرەو خراپتر چووە، نەك بەرەو باشتر. واتە پێدەچێت ئەم سیاسەتە دەرەکییە لەلایەن کەسانێکەوە ئیدارە بکرێت کە تێگەیشتنێکی دروستیان نییە لە کاروبارە دەرەکییەکان.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین کە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و روون نییە بۆ ئەداکردن و ئیدارەدانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا؟**

- من پێم وایە ئەگەر بمانەوێت وەسفی ئەم سیاسەتە بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین سیاسەتێکی گۆشەگیرانە و تاکلایەنانە بووە، چونکە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ و جۆن بۆڵتۆن (راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی) و ئەو کەسانەی دیکە کە سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا هەڵدەسووڕێنن، کەسانێکن نایانەوێت کار لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا بکەن و پابەندبن بە رێککەوتنەکانەوە و دەیانەوێت رێچکەیەکی تاکلایەنانە بگرنەبەر. راستە ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەبێت ئەمریکا ببێتە ئەولەوییەتی یەکەم، بەڵام بە دیدی من ئەوان دەیانەوێت ئەمریکا بەرەو گۆشەگیری ببەن. بۆ نموونە لە رووی ئابوورییەوە، ئەمریکا خوازیاری کارکردن و هاوکاریکردن نییە لەگەڵ رێکخراوی بازرگانی جیهانی، هەروەها ئەم رێکخراوە داوای کەمکردنەوەی بەربەستەکانی پەیوەست بە رسوماتی گومرگی دەکات، بەڵام سەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە هەنگاو هەڵبگرێت.

*** باشە هۆکارە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئەم رێچکەیەی ئیدارەی ئەمریکا چییە کە دەیەوێت خۆی لە کارکردن لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بە دووربگرێت؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد، سەرۆك دۆناڵد ترەمپ و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، جۆن بۆڵتۆن، هیچ کاتێك پشتوانییان لەوە نەکردووە رێچکەیەکی نێودەوڵەتی بگیرێتەبەر و تەنانەت بۆڵتۆن داوای ئەوەی کرد ئەمریکا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکشێتەوە، واتە ئەوا زۆر دژی ئەوە بوون هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بکەن. کەواتە دەتوانین بڵێین هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە ئەم ئاراستەیەی سەرۆك ترەمپی نەگرتۆتەبەر، کە پێم وایە ئەم رێچکە و سیاسەتە زیانبەخشە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا. بۆ نموونە ئێوە لە هەڵوێستی ئەمریکا بڕوانن لە ئاست ناتۆدا، دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناتۆ گومان لە پابەندبوونی ئەمریکا دەکەن، بە چەشنێك کە ئەمە هەرگیز لە رابردوودا روونەداوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم سیاسەتە زیانێکی زۆری بە ئەمریکا گەیاندووە و پێم وایە دەبێت ئیدارەی داهاتوو — کە ئومێد دەکرێت ئیدارەیەکی نوێ بێت- هەوڵێکی زۆر بدات بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانیان بسڕێتەوە و دووبارە و بە شێوەیەکی گونجاو و بنیاتنەرانە دووبارە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بکات.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوەکرد کە سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ زیانێکی زۆری بە پێگە و پەیوەندییەکانی ئەمریکا گەیاندووە، ئایا دەکرێت بڵێین ئەم سیاسەتە بە هەمان شێوە بۆتەهۆی لاوازکردنی ئەوەی پێی دەوترێت سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی؟**

- ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەو وڵاتەی بە سەرکردە و پێشەنگی جیهانی رۆژئاوا ناسرابوو، مامەڵەکردن و کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رەتبکاتەوە و دژایەتی خۆی بۆ ناتۆ و بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان بخاتەڕوو و لە رێککەوتنەکان- وەك رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران- بکشێتەوە، تەنیا بە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی و هۆکارەکانی پەیوەست بە سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکەوە، واتە نەك لەبەر ئەوەی ئێران رێککەوتنەکەی پێشێل کردبوو، چونکە ئێران پابەندە بەم رێککەوتنەوە. هەروەها ئەمریکا لە رێککەوتنی پاریسی تایبەت بە گۆڕانی ژینگە کشایەوە، لە هەمان کاتدا دەستبەرداری رێککەوتنی کۆنترۆڵکردنی چەك بوو لەگەڵ رووسیا. کەواتە هەروەك پێشتر رامگەیاند ترەمپ سیاسەتێکی دەرەکی گۆشەگیرانە و تاکلایەنانەی گرتۆتەبەر. کە ئەم سیاسەتەش هاوشێوەی ئەو سیاسەتەیە کە ساڵانی

بیستەکانی سەدەی رابردوو لەلایەن ئەمریکاوە پیادە دەکرا، کە پتر سیاسەتێکی ناسیۆنالیستیانە بوو.

*** باست لەوە کرد کە ئەم سیاسەتانە زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەگەیەنێت، ئەی پێت وایە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- ئەمە راستە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ترەمپ و بڕیاربەدەستانی کۆشکی سپی بیر لە دەرئەنجامی هەنگاو و کردەوەکانیان بکەنەوە، بەڵام ئەوان بیر لە ئاکامی بڕیارەکانیان ناکەنەوە، چونکە کشانەوە لە رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان هەموو جۆرە دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە کشانەوە لە رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا- بە بێ ئەوەی پاڵنەر و هۆکارێکی باشی هەبێت- بووە هۆی لەباربردنی بەرهەمی چەندین ساڵی گفتوگۆ و لە ئاکامدا بووە هۆی دوورخستنەوەی هاوپەیمانەکانی. ئێستاش ئەم ئیدارەیە فشارەکانی بۆ سەر ئێران زیاتر کردووە و دەیەوێت هەناردەکردنی نەوت لەلایەن ئێرانەوە رابگرێت و ناسەقامگیری لە ناو ئەو وڵاتەدا دروست بکات، پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا دەرئەنجامەکانی رووخانی سیستمی سیاسی لە ئێران چی دەبێت؟ کە پێم وانییە روودانی ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندیی هیچ لایەك بکات، چونکە ئێمە بینیمان کاتێك دەسەڵاتی وڵاتەکە لە سووریا و عێراق لاواز بوو، چی روویدا، کە بینیمان بۆشاییەك دروست بوو و گرووپە بەدکارەکان پڕیان کردەوە. هەروەها ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەیەوێت لە ئەفغانستان بکشێتەوە بە بێ ئەوەی هەوڵی سەقامگیرکردنی ئەو وڵاتە بدات، واتە ئایا دەرئەنجامەکانی بڕیارێکی لەم چەشنە چی دەبێت، کە ئاشکرایە تاڵیبان دەسەڵات دەگرێتەوەدەست و دووبارە ئەو وڵاتە ناسەقامگیر دەبێتەوە. کەواتە ئەوان پێشوەختە بیر لە دەرئەنجام و ئاکامەکانی سیاسەت و بڕیارەکانیان ناکەنەوە و ئەمەش بۆتە خەسڵەتی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ. ئەم ئیدارەیە سیاسەتێکی تاکلایەنانە دەگرێتەبەر و لە هەمان کاتدا ئەم ئیدارەیە سیاسەتەکان بە گوێرەی ناوچەکان ناگرێتەبەر، واتە تایبەتمەندیی ناوچەکان رەچاو ناکات. لەبەر ئەوە ئاساییە کە من کەسێك نەبم هەوادارای سیاسەتەکانی ترەمپ بم.

*** لایەنێکی دیکەی دیاری سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ ئەوەیە کە پتر پەنا دەباتە بەر فشار و سزا و ئابڵوقەی ئابووری، تەنانەت لە دژی هاوپەیمانەکانیشی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێت وایە کاردانەوە و دۆست و نەیارەکانی ئەمریکا لە ئاست ئەم فشارە ئابوورییانەدا چی دەبێت؟**

- من پێم وایە حاڵی حازر ئێمە ئەم کاردانەوەیەمان بینیوە، بۆ نموونە ئەگەر لە یەکێتی ئەورووپا بڕوانین، ئەوا دەبینین ئەم یەکێتییە دەیەوێت ئەمریکا فەرامۆش بکات، مەبەستم ئەوەیە یەکێتی ئەورووپا پێی وایە ناتوانرێت هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی لەگەڵ ئەمریکا بکرێت. هەروەها دەبینیت کە پەیوەندییە بازرگانییەکانیش خراپ بوون. بۆیە پێم وایە لە دەرئەنجامدا دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئەمریکا بەرەو داکشان دەچێت و هاوپەیمانەکانیش ئامادە نابن کاری لەگەڵدا بکەن، کە هەموو ئەمەش دەبێتەهۆی بەهێزکردنی پێگەی نەیار و رکابەرەکانی ئەمریکا. لەلایەکی دیکەوە سیاسەتەکانی ترەمپ بوونەتەهۆی لاوازکردنی رێککەوتنە بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، لە دەرئەنجامدا گۆڕەپانەکەمان لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە بۆ چین چۆڵ کردووە. بەڵام ئەمانە چەند دەرئەنجامێکن کە بەرپرسەکانی ئیدارەی ترەمپ لەبەرچاوی ناگرن. ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، ئەوا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە پشتمان کردە کورد لەو ناوچەیەدا کە باوەڕپێکراوترین هاوپەیمانی ئێمە بوون، کە ئاشکرایە بێ پشتیوانی کورد بەرەوپێشچوون لە شەڕی دژ بە داعشدا مومکین نەبوو. پرسیارەکەش ئەوەیە چی روودەدات لە داهاتوودا کاتێك پێویست بەوە دەکات کاراکتەرێك هەبێت سەقامگیری دەستەبەر بکات، ئیدی لە سووریا بێت، یان لە عێراق لە کاتێکدا ئەمریکا کارێکی کردووە کوردی لە خۆی دوور خستۆتەوە. کەواتە قابیلی تێگەیشتنە ئەگەر کورد لە ئیدارەی ترەمپ نائومێد بێت، کەواتە دەبێت دەرئەنجامی ئەم سیاسەتەش لەو ناوچەیەدا لەبەرچاو بگرین.

*** پێشبینینەکانت چییە بۆ سیاسەتی دەرەکی ئیدارەی ترەمپ، ئایا پێت وایە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام دەبن یان لە داهاتوودا ناچار دەبن سیاسەتەکانیان بگۆڕن؟**

- لە راستیدا ئەگەر لە ساڵی ٢٠٢٠ ترەمپ نەتوانێت سەرکەوتوو بێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوا دیموکراتەکان بە هیچ شێوەیەکی سیاسەتێکی لەم چەشنە ناگرنەبەر. کەواتە ئەگەر دیموکراتەکان دەسەڵات بگرنە دەست ئەوا دووبارە مامەڵە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانەکان دروست دەکەنەوە و دەست لەم سیاسەتە بازرگانییە سەرشێتانەیە هەڵدەگرن. واتە زۆرێك لە سیاسەتەکانی ترەمپ پێچەوانە دەکەنەوە.

**سیاسەتەکانی ترەمپ بوونەتەهۆی لاوازکردنی رێککەوتنە بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا، لە دەرئەنجامدا گۆڕەپانەکەمان لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە بۆ چین چۆڵ کردووە**

**ئێمە پشتمان کردە کورد لەو ناوچەیەدا کە باوەڕپێکراوترین هاوپەیمانی ئێمە بوون، کە ئاشکرایە بێ پشتیوانی کورد بەرەوپێشچوون لە شەڕی دژ بە داعشدا مومکین نەبوو**


**ئەگەر دیموکراتەکان دەسەڵات بگرنە دەست ئەوا دووبارە مامەڵە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانەکان دروست دەکەنەوە و دەست لەم سیاسەتە بازرگانییە سەرشێتانەیە هەڵدەگرن**

**هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە ئەم ئاراستەیەی سەرۆك ترەمپی نەگرتۆتەبەر، کە پێم وایە ئەم رێچکە و سیاسەتە زیانبەخشە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا**

# ئیسلامی سیاسی له فلیپین

ئیسلام لە ساڵی (١٣١٠ز) لەسەر دەستی بازرگانانی موسڵمان گەیشتە فلیپین، ئەو بازرگانانەی کە گەشتیان بۆ چین دەکرد، هەروەها لەسەر دەستی موسڵمانانی مەلایۆ (مالیزیا) و ئەندەنوسیا لە باکوورەوە بۆ باشوور بڵاوبۆوە، ئەوانە سوڵتاننشینی سۆلۆیان دامەزراند، شەریف هاشمی ئەبوبەکر یەکەم سوڵتان بوو، دواتر سوڵتان شەریف محەمەد فبونسوان کە لە ولایەتی مەلکای مالیزییەوە هاتبوو، بوو بە سوڵتانی ماگنداناو، هێزەکانی ئیسپانیا لە ساڵی (١٥٢١ز) بە سەرۆکایەتیی گەریدە فریدیناند ماجەلان گەیشتنە دوورگەکانی فلیپین، ویستیان کۆنترۆڵی دوورگەی ماکتان بکەن، بەڵام حاکمی ئەو دوورگەیە لابۆلابۆ بە توندی رووبەڕوویان بۆوە تا لە هەمان ساڵدا ماجەلانی کوشت، خەڵکی دوورگەکە پەیکەرێکیان بۆ دروستکرد کە کریستیان و موسڵمانان شانازی پێوە دەکەن، چونکە سەرکردەیەکی کۆلۆنیالیزمی کوشتووە، ئیسپانیا ئەو دوورگانەی دوای داگیرکردنی ناوی زۆربەیانی بۆ دوورگەی فلیپین گۆڕی، وەك رەچەڵەکی شای ئیسپانیا فلیپی دووەم (١٥٩٨ کۆچی کردووە)، ئیسپانییەکان پەلاماری باکووریشیان دا، رەجا سلێمانی حاکمی دوورگەکەیان راونا، خەڵکەکەشیان بە تۆبزی کردە کاسۆلیك، ئەوەی رەتی بکردایەتەوە، دەکوژرا، دواتر پایتەختەکەیان کە ناوی (ئەمانولا) بوو، گۆڕی بۆ (مانێلا) و بە تەواوی کاولیان کرد، بۆیە رۆدریگۆ دۆتیریتی سەرۆکی فلیپین رایگەیاند کە بە نیازە ناوی فلیپین بۆ مەهارلیکا Maharali-ca بگۆڕێت، بەپێچەوانەی ناوی ئێستا کە کۆلۆنیالیزمی ئیسپانی دایناوە، پێش ئەویش سەرۆکی پێشووی فلیپین فردیناند مارکۆس ئەم پێشنیارەی کردبوو، دواتر هێزەکانی ئیسپانیا روویان کردە دوورگەی میندناوی باشوور کە زۆرینەی موسڵمان بوون، بەڵام نەیانتوانی بیگرن لەبەر بەرهەڵستیی موسڵمانان، بۆیە کشانەوەو شەڕیش لەنێوانیان و ئەمریکا بەرپا بوو، هێزەکانی ئیسپانیا لە ساڵی١٨٩٨ زیانێکی زۆریان بەرکەوت، کە ئەمەش وایکرد رێککەوتننامەیەك لەگەڵ ئەمریکادا بکەن بۆ ئەوەی فلیپین لەبەرامبەر ٢٠ ملیۆن دۆلار رادەست بکەن، دواتر قۆناخی کۆلۆنیالیزمی ئەمریکا دێت لە ١٨٩٨ تا ١٩٤١، پلانی ئەمریکا بریتی بوو لە هێنانەوەی دوورگەی میندناو بۆسەر فلیپین، بەڵام موسڵمانان بەرهەڵستیان کرد، لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٤ ژاپۆن ئەمریکییەکانی دەرکرد و فلیپینی داگیرکرد، بەڵام موسڵمانان بەرهەڵستیی ئەو هەوڵەشیان کرد کە دوورگەکەیان بخرێتە سەر فلیپین، بەهۆی ئەو بەرگرییەی موسڵمانان

**فلیپین لە ساڵی ١٩٤٦ سەربەخۆیی وەرگرت، یەکەم سەرۆکیش لە سەردەمی سەربەخۆیی مانوێل رۆکساس بوو کە بۆ ماوەی دوو ساڵ (١٩٤٦ تا ١٩٤٨) حوکمی کرد، حکومەتی فلیپین دەستی کرد بە تەواوکردنی پرۆژەکەی کۆلۆنیالیزم بە هێنانی شاری میندناو بۆ سەر وڵاتەکەی**



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

و گەڕانەوەی ئەمریکییەکان ژاپۆن شکستی هێنا، فلیپین لە ساڵی ١٩٤٦ سەربەخۆیی وەرگرت، یەکەم سەرۆکیش لە سەردەمی سەربەخۆیی مانۆیل ڕۆکساس Manuel Roxas بوو کە بۆ ماوەی دوو ساڵ (١٩٤٦ تا ١٩٤٨) حوکمی کرد، حکومەتی فلیپین دەستی کرد بە تەواوکردنی پرۆژەکەی کۆلۆنیالیزم بە هێنانی شاری مینداناو بۆ سەر وڵاتەکەی، بۆیە چەندین بزووتنەوەی بەرگریی دژ بە حکومەت سەریانهەڵدا، یەکەمیان بزووتنەوەی سەربەخۆیی میندانـاو بوو کە ئامانجی گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی دوورگەکە بوو لە خاکی فلیپین، ئەو کاتە حاکمی پارێزگای ماجیندانۆ ناوی داتۆ ئۆتدۆگ ماتالم بوو، سەرۆکی فلیپین فرناند مارکۆس Ferdinand E.Marcos کە لە ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٨٦ حوکمی کردو بە دیکتاتۆری فلیپین ناسرابوو دەستی کرد بە پاکتاوی ئیتنی دەرحەق موسڵمانان کە بە گەلی مۆرۆ Moro ناسرابوون، ناوی مۆرۆ لە وشەی لاتینی Maur وەرگیراوە کە لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتی کۆنی ڕۆما بە مۆریتانیایان دەگوت، هەروەها بە زۆر کەمینەی موسڵمانان کە تێکەڵ ئەندەنوسییەکان بوون، بەڵام ئیسپانیا ڕایگواستن بۆ نیشتەجێیەکانی ئەو دیو دەریاکان.

بەهۆی سیاسەتی نارەوای حکومەتەکانی فلیپین دەرحەق موسڵمانان بەرگرییەکی توند دژیان سەری هەڵدا، لە ساڵی ١٩٦٨ بەرەی نیشتمانیی مۆرۆ Moro National Liberation Front بە سەرۆکایەتیی نوری میسواری دامەزرا، بریتی بوو لە بەرەیەکی میللی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەی لەپێناو سەربەخۆیی باشوور لەخۆگرتبوو، وتووێژ لەنێوان بەرەو حکومەتی مانیلا لەسەردەمی فرناند مارکۆس بە ناوبژیی ئەندەنوسیا لە ساڵی ١٩٧٥ دەستی پێکرد، میسواری و سەلامات هاشم تێیدا بەشداربوون، بەڵام دیارە ناکۆکییەك لەنێوانیاندا هاتەئاراوە، میسواری پێی باش بوو وتوێژەکان بەردەوام بن، بەڵام سەلامات هاشم چارەسەری سەربازیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە باشووری وڵاتی پێ باش بوو، کاتێکیش میسواری ڕێککەوتننامەی ئاشتی، کە بە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٦ی نێوان بەرەو حیکمەت مانیلا ناسراوە، واژۆکرد، کە بریتی بوو لەپێدانی ئۆتۆنۆمی بە باشوور، سەلامات هاشم پێی قایل نەبوو، ئەوەش وای کرد کە جیابێتەوە، لە ساڵی ١٩٧٧بەرەیەکی ئیسلامیی بەناوی بەرەی ئیسلامیی مۆرۆ Moro Islamic Liberation Front ی دامەزراندو لەمەشدا هەڵەیەکی گەورەی کرد، چونکە ئامانجە ستراتیژی و نیشتمانییەکان بە یەکێتی و ئینتیمای نیشتمانی دێنەدی، نەك بە

**سەلامات هاشم لە ساڵی ١٩٧٧بەرەیەکی ئیسلامیی بەناوی بەرەی ئیسلامیی مۆرۆ-ی دامەزراند و لەمەشدا هەڵەیەکی گەورەی کرد، چونکە ئامانجە ستراتیژی و نیشتمانییەکان بە یەکێتی و ئینتیمای نیشتمانی دێنەدی، نەک بە ئایدیۆلۆژیەتی ئایینی**

ئایدیۆلۆژیەتی ئایینی، بەڵام مایەی سەرسامی نییە کە بزانین ئەو پیاوە بە ئیخوان موسلمین کاریگەر بووە، بەتایبەتیش کتێبەکانی سەید قوتب و مودەوی، ئەو لە ئەزهەر خوێندبووی، کاریگەریی ئیخوانی بەسەرەوە بوو، بۆیە ناکرێ ئیسلامی سیاسی کار لەگەڵ رەوتە نیشتمانی و لیبراڵی و نەتەوەیی و مەدەنییەکاندا بکات، چونکە خۆی بە باشتر لە هەمووان و لەسەر هەمووانەوە دەبینێت. دوای رووخانی دیکتاتۆری فلیپین مارکۆس، خاتوو کۆرزان ئەکینۆ Cora-zon C.Aquino بوو بە سەرۆکی وڵات و لە ساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٩٢ حوکمڕانیی کرد و هیچ پەرەسەندنێك لە رەوشی باشووردا نەهاتەدی، رێککەوتننامەکەش وەك مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، دواتر میسواری و سەلامات ئاشت بوونەوە، ئەمەش وای لە رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی کرد کە دواتر بە (رێکخراوی هاریکاریی ئیسلامی) ناسرا، هەروەها هاوبەندی جیهانی ئیسلامی کە پشتیوانیی لێ بکەن، ئەمەش لەپێناو ئەوەی ئۆتۆنۆمی بۆ باشوور بەدەست بهێنن، ئاشتییەك لەنێوان حکومەت و بەرەی مۆرۆ دوای رێککەوتنێك هاتەئاراوە، لە ساڵی ١٩٩٦ نوری میسواری بە حاکمی ناوچەی میندانۆ بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵبژێردرا، بەڵام ئیدارەکەی کەوتە بەر رەخنەیەکی توندەوە و ناوچەکە لە دواکەوتن و گەندەڵیدا مایەوە، لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەندامانی بەرەی مۆرۆ میسوارییان وەك سەرۆکی بەرە لە کارەکەی لادا، دکتۆر بارۆك حوسێن وەك کاندید بۆ حاکمی میندانۆ دیاریکرا دوای رەزامەندیی چواردەمین سەرۆکی فلیپین خاتوو گلۆریا ماکاپاگال ئەریۆ Gloria Macapagal Ar-royo کە لە ٢٠٠١ تا ٢٠١٠ حوکمی کرد، کاتێکیش میسواری زانی پۆستەکەی لەدەست دەدات، لە حکومەت یاخی بوو و شەڕی راگەیاند بۆ پەکخستنی هەڵبژاردنەکان لە ناوچەی میندانۆ، بۆیە لەگەڵ گرووپەکەی هێرشیان کردە سەر فەرماندە سەربازییەکانی خۆلۆ، لە ئەنجامدا ١٧٠ کەس کوژران، بەڵام سوپا توانی کۆنترۆڵی بەرە بکات، میسواری بە رێگایەکی نایاسایی هەڵات بۆ ولایەتێکی مالیزیا، بەڵام دەسەڵاتدارانی مالیزیا رادەستی حکومەتی فلیپینیان کردەوە، چاوەڕوانکرا کە بۆ بیست ساڵ بە تۆمەتی جیاجیا زیندانی بکرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٠ بەرەی ئیسلامیی مۆرۆ بە سەرۆکایەتیی سەلامات هاشم زۆر بەهێز بوو، توانی ٤٦ سەربازگەی مەشقی لاوان دروست بکات، هەروەها ئەکادیمییەکی سەربازی دامەزراند، ژمارەی چەکدارانی گەیشتە ١٢٠ هەزار، لەساڵی ٢٠٠٣ سەلامات هاشم کۆچی دوایی کرد و حاجی موراد ئیبراهیم کە جێگری بوو شوێنی گرتەوە، موراد لە سەربازگەکانی قاعیدەو تالیبان لە ئەفغانستان مەشق و راهێنانی کردبوو، چاوی بە ئوسامە بن لادن کەوتبوو، دواتر بوو بە فەرماندەی باڵی سەربازیی بەرەی ئیسلامیی مۆرۆ، ئەو بە ژەنەڕاڵ شێخ ناسرابوو، ململانێی چەکداریی نێوان هەردوو لا بەردەوام بوو، بە هاتنی پازدەم سەرۆك بینکنۆ ئەکینۆی سێیەم Bengno S.Aquino کە لە ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠١٦ حوکمی کرد، هەردوولا وتووێژی جدییان دەستپێکرد لەپێناو کۆتاییهێنان بەم ململانێیە چەکدارییە کە چل و پێنج ساڵ بەردەوام بوو و تێیدا ١٢٠ هەزار کەس کوژران و بە ملیۆنان ئاوارەبوون، ئەمەش کاولکاری و دواکەوتوویی و پشێوییەکی زۆری بۆ وڵات بەدوای خۆیدا هێنا، لە ساڵی ٢٠١٢ هەردوولا رێککەوتننامەیەکی ئاشتییان بە ناوبژیی مالیزیا لە مانیلای پایتەخت واژۆکرد، لەو رێوڕەسمەدا سەرۆکی فلیپین ئەکینۆی سێیەم و سەرۆکی بەرە حاجی موراد ئیبراهیم و سەرۆك وەزیرانی مالیزیا نەجیب عەبدولڕەزاق و سەرۆکی ئەنجومەنی هاریکاریی ئیسلامی ئەکمەلەدین ئۆغلۆ ئامادەی بوون. ئەم رێککەوتننامەیە دەبێتە بنەمای چەسپاندنی ئاشتییەکی هەمیشەیی لە ماوەی چوار ساڵ بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی بە باشووری فلیپین (میندانۆ)، لە ساڵی ٢٠١٦ ئەم ئۆتۆنۆمییەیان پێدەدرێت کە بە یاسای (بانجسامۆرۆ) Bangsamoro ناسراوە، شێخ موراد رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە مۆرکردنی رێککەوتننامەکەی نێوان حکومەت و بەرەدا لەپێناو بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە باشووری فلیپین(ناوچەی میندانۆ) لە

**لە ساڵی ٢٠٠٠ بەرەی ئیسلامیی مۆرۆ بە سەرۆکایەتیی سەلامات هاشم زۆر بەهێز بوو، توانی ٤٦ سەربازگەی مەشقی لاوان دروست بکات، هەروەها ئەکادیمییەکی سەربازی دامەزراند، ژمارەی چەکدارانی گەیشتە ١٢٠ هەزار، لەساڵی ٢٠٠٣ سلامات هاشم کۆچی دوایی کرد و حاجی موراد ئیبراهیم کە جێگری بوو شوێنی گرتەوە**

**گرووپی توندڕۆی رادیکال لە بەرە ی ئیسلامیی مۆرۆ جیابوونەوە، کە بە گرووپی ئەبوسەیاف ناسراون، ئەمانە نایانەوێت لەگەڵ حکومەت ئاشت ببنەوە، بەڵکو دەیانەوێت زوو دەوڵەتێکی ئیسلامی رابگەیەندرێت**

سەردەمی سەرۆکی ئێستا کە شازدەمین سەرۆکە رۆدریگۆ دۆتیرتی Rodrigo Duterte کە لە ساڵی ٢٠١٦ بوو بە سەرۆکی فلیپین، پرۆسەی ئاشتی چووە قۆناخگەلێکی زۆر پێشکەوتووەوە، کاتێ رەزامەندی دا بە دەرکردنی یاسای بانجسامۆرۆ Bangsamoro تا شوێنی ئەو ئۆتۆنۆمییە بگرێتەوە کە هەردوو لا لە ساڵی ٢٠١٢و لە سەردەمی سەرۆك ئەکینۆی سێیەمدا لەسەری رێککەوتبوون، ئەوە بوو باشووری فلیپین میندانáو دوای رەزامەندیی هەر یەك لە ئەنجومەنی پیرانی فلیپین و ئەنجومەنی نوێنەرانی فلیپین لەسەر یاسای بانجسامۆرۆ لە ٢٠١٨دا بەپێی یاساکە کە بەدەق ئاماژە دەکات بۆ گۆڕینی ئۆتۆنۆمی دوای سێ ساڵ واتا لە ٢٠٢٢ بگۆڕدرێت بۆ هەرێمێك کە پەرلەمان و دەستوورو حکومەتێکی سەربەخۆی هەبێت لەنێو سنووری دەوڵەتی فلیپینیدا و بە هەرێمی بانجسامۆرۆ ناوببرێت، لە ساڵی ٢٠١٩ سەرۆکی ئێستای وڵات دۆتیرتی رەزامەندی دا راپرسی بۆ چارەنووسی باشووری فلیپین بکرێت، ٨٥٪ بە بەڵێ بۆ پێکێهنانی هەرێمی میندانáو دەنگیان دا، لە راستیدا چاکەکە بۆ سەرۆکی ئێستا دەگەڕێتەوە کە دانی بە مەزڵوومییەتی گەلی مۆرۆدا نا، کە سەرۆکەکانی پێشووتر پشتگوێیان خستبوو، بەڵام ئەم سەرۆکەی ئێستا ئاشتی بێ جیاوازی بۆ گەلەکەی هێنایەکایەوە، بۆیە سەرۆکی بەرە موراد هاشم ستایشی سەرۆکی ئێستای کرد.

- **گرووپی ئەبوسەیاف (بزووتنەوەی ئیسلا می )**

گرووپی توندڕۆی رادیکال لە بەرە ی ئیسلامیی مۆرۆ جیابوونەوە، کە بە گرووپی ئەبوسەیاف ناسراون، ئەمانە نایانەوێت لەگەڵ حکومەت ئاشت ببنەوە، بەڵکو دەیانەوێت زوو دەوڵەتێکی ئیسلامی رابگەیەندرێت، ئەم جیابوونەوەیە لە ساڵی ١٩٩١ روویدا، ئەبوسەیاف دەربارەی دامەزراندنی گرووپەکەی دەڵێت: «سەرەتا بیرمان لەوە نەدەکردەوە هیچ بزووتنەوە، یان بەرەیەك دابمەزرێنین لە ترسی پەرتەوازەیی، چونکە سەرەتا دەمانەویست یان بێینە نێو بەرەی ئیسلامی، یان بەرەی نیشتمانی، بەڵام کاتێ لەگەڵ چەند برایەك یەکمان بینی لە بەرەی ئیسلامی بەدڵمان نەبوون، بینیمان کە ژمارەیەکی زۆرن، چەکێکی زۆریشیان هەیە، بەڵام خاو و خەمساردن، کاتێکیش چاومان بە بەرەی نیشتمانی کەوت بینیمان ئەوانیش بە فەرمانی ئیسلام ناجووڵێنەوە، زۆریان ئەرکە ئایینییەکان جێبەجێ ناکەن، دەبینین یەکێکیان وەك سەرباز شەڕدەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئایینەکەی دەڕووخێنێت، چونکە نوێژ ناکات، ئەوکاتە زانیمان کە بەرەی ئیسلامی، یان بەرەی نیشتمانی ناتوانن ئەرکی پێویست جێبەجێ بکەن، لەنێوان خۆمان راوێژمان کردو ئەم بزووتنەوەیەمان دامەزراندو ناومان نا بزووتنەوەی ئیسلامی...» عەبدولڕەزاق ئەبوبەکر جەنجەلانی کە نازناوی ئەبوسەیافە لە دوورگەی میندانáو ئەو بزووتنەوەیەی دامەزراند، گرووپەکەش هەر بەو ناوە (ئەبوسەیاف) ناسرا..

ئەبوسەیاف باوکی موسڵمانەو دایکی کریستیانە، پێشتر لە سەربازگەکانی بەرەی مۆرۆ لە لیبیا لە سەردەمی قەزافی مەشقی کردووە، قەزافی چەند سەربازگەیەکی گەورەی بۆ موجاهیدەکان (بە گوتەی خۆیان) دامەزراندبوو تا بە جیهاندا بڵاویان بکاتەوە، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ عەرەب و ئەفغانستان هەبوو، لە مەککەی پیرۆز چاوی بە سەرکردەیەکی ئەفغانی کەوتبوو، دواتر چووە ئەوێ و مەشقی فیکری و رێکخستن و سەربازی کردبوو و گەڕایەوە فلیپین و ئەو گرووپە ئیسلامییەی لە دوورگەی باسیلا دامەزراند لە شێوەی گرووپە چەکدارەکانی جیهانی ئیسلامی و بەتایبەتیش وەك قاعیدە و داعش.

لە ساڵی ١٩٩١ محەمەد جەمال خەلیفە مێردی خوشکی ئوسامە بن لادن نووسینگەیەکی لاوەکیی سەر بە دەستەی فریاگوزاریی ئیسلامیی جیهانی لە فلیپین دامەزراند، ئەمەشی بۆ گواستنەوەی پارەو سامان بۆ گرووپەکەی ئەبوسەیاف بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی و کردنەوەی سەنتەری مەشق بۆ گەنجان تەرخانکرد، کە مەبەستی بنەڕەتییان پاککردنەوەی باشووری وڵات بوو لە کریستیانەکان کە مژدەبەخش بوون، چ لە دەرەوەی وڵات بن یان لە لە فلیپین، چونکە بڕوایان وابوو کە ئەم وڵاتە هی موسڵمانان بووە،

**باشووری فلیپین میندانáو دوای رەزامەندیی هەر یەک لە ئەنجومەنی پیرانی فلیپین و ئەنجومەنی نوێنەرانی فلیپین لەسەر یاسای بانجسامۆرۆ لە ٢٠١٨دا بەپێی یاساکە کە بەدەق ئاماژە دەکات بۆ گۆڕینی ئۆتۆنۆمی دوای سێ ساڵ واتا لە ٢٠٢٢ بگۆڕدرێت بۆ هەرێمێک کە پەرلەمان و دەستوورو حکومەتێکی سەربەخۆی هەبێت لەنێو سنووری دەوڵەتی فلیپینیدا و بە هەرێمی بانجسامۆرۆ ناوببرێت**

**ئەبوسەیاف باوکی موسڵمانە و دایکی کریستیانە، پێشتر لە سەربازگەکانی بەرەی مۆرۆ لە لیبیا لە سەردەمی قەزافی مەشقی کردووە، قەزافی چەند سەربازگەیەکی گەورەی بۆ موجاهیدەکان (بە گوتەی خۆیان) دامەزراندبوو تا بە جیهاندا بڵاویان بکاتەوە**



بەڵام کۆلۆنیالیزمی ئیسپانیا بە زەبری چەك ئایینەکەیانی بۆ کاسۆلیك گۆڕیوە، بۆیە دەبێ بۆ خەڵکەکە بگەڕێنەوە، ئەوە بوو لە فلیپین دیاردەی (بالیك ئیسلام) واتا گەڕاوەکان بۆ ئیسلام بڵاوبۆوە، گرووپەکەی ئەبوسەیاف زۆر دڵرەق بوون لەگەڵ کریستیانەکان، بەتایبەتیش لەگەڵ قەشەکان، ڕۆژێکیان قەشەیەك موحازەرەیەکی هەبوو لە شاری جامبۆنجای باشوور کە زۆرینەیان کریستیانن و ڕەخنەی لە موسڵمانان دەگرت، ئەبوسەیاف چاوەڕوانی کرد تا قەشەکە هاتەدەرەوە یەکسەر کوشتی و ڕایکرد، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی ئێستای فلیپین دۆتیرۆتی بانگی کرد تاکو گفتوگۆی ئاشتییانەی لەگەڵدا بکات بۆ سەرخستنی یاسای بانجسامۆرۆ، ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان حکومەت و گرووپەکە بەردەوام بوو تا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی فلیپیندا لە ساڵی ١٩٩٨ کوژرا، دوای کوشتنی ئەو، گرووپەکە لەنێو خۆیاندا بۆ سێ گرووپ دابەش بوون: یەکەمیان بە سەرۆکایەتیی ڕادۆلان ساهیرون کە گەورەترین گرووپە، دوومیان کە بچووکترینیانە بە سەرۆکایەتیی براکەی کە ناوی قەزافی جنجەلانی بوو و بەدەستی هێزەکانی فلیپین کوژرا و دواتر بوون بە بەشێك لە گرووپەکەی ڕادۆلان، بەڵام برای سێیەمی هکتۆر بە تۆمەتی کوشتن و ڕفاندن زیندانی کرا، دوا گرووپ بریتی بوو لە گرووپی غالب ئەندانگ کە بە ڕۆبێت ناسراوە گرووپەکە بە دروستکراوی هەواڵگریی فلیپین تۆمەتباری دەکات، زۆربەی سەرکردەکانی ئەبوسەیاف لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکان حکومەتدا کوژران، ئەبو سەبایا لە ساڵی ٢٠٠٢ کوژرا، سەراجی لە ساڵی٢٠٠٤ و ئەبو سەلمان لە ساڵی ٢٠٠٧ کوژران، تەنیا ڕادۆلان ساهیرون و هابیلون و ئەبو بۆلا ماون، دوای ئەوەی گرووپەکە بەیعەتیان بە داعش دا بە سەرۆکایەتیی ئەبوبەکر بەغدادی، بەغدادی ئەسنیلۆن هابیلۆنی کە بە (ئەبو عەبدولا فلیپینی) ناسراوە بە ئەمیری ولایەتی فلیپین دامەزراند.

ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بەرەی ئیسلامیی مۆرۆو نێوان گرووپەکەی ئەبوسەیاف، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیی جیهانین، هەروەها سەرکردەکانی بەرەی مۆرۆ لەژێر کاریگەریی ئیخوان موسلمین و هەندێك لە سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسیدان، بەڵام ئەو ئەزموونەیان بە تەواوی بۆ وڵاتەکەیان نەگواستۆتەوە، بەڵکو سوودیان لێ بینیوە بۆ پشتگیریی کێشە نیشتمانی و ئایینییەکانیان، چونکە وادەزانن کە واقیعی فلیپین بە تەواوی لەگەڵ واقیعی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی جودایە، بۆیە تەرکیزیان کردۆتە سەر وتوویژکردن لەگەڵ حکومەتدا، لە سایەی ڕێککەوتنی ئاشتی کە مافە نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا وەدیبێنێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ببێتە هەرێم

**لە ساڵی ١٩٩١ محەمەد جەمال خەلیفە مێردی خوشکی ئوسامە بن لادن نووسینگەیەکی لاوەکیی سەر بە دەستەی فریاگوزاریی ئیسلامیی جیهانی لە فلیپین دامەزراند، ئەمەشی بۆ گواستنەوەی پارەو سامان بۆ گرووپەکەی ئەبوسەیاف بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی و کردنەوەی سەنتەری مەشق بۆ گەنجان تەرخانکرد**

**قەشەیەك موحازەرەیەکی هەبوو لە شاری جامبۆنجای باشوور کە زۆرینەیان کریستیانن و ڕەخنەی لە موسڵمانان دەگرت، ئەبوسەیاف چاوەڕوانی کرد تا قەشەکە هاتەدەرەوە یەکسەر کوشتی و ڕایکرد، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی ئێستای فلیپین دۆتیرۆتی بانگی کرد تاکو گفتوگۆی ئاشتییانەی لەگەڵدا بکات**



و حکومەتێکی هەبێت وەك هەموو دەوڵەتان کە سیستەمی فیدراڵی پەیڕەودەکەن، بەڵام گرووپی ئەبوسەیاف بەپێچەوانەوە هەوڵیدا بە لۆژیکی توندوتیژی و چەك و هێز ئەزموونەکەی داعش بۆ فلیپین بگوێزنەوە، بۆیە بەیعەتیان بە بەغدادی داو ئەویش ئەبو عەبدوڵا فلیپینی کردە ئەمیر بەسەر ولایەتی فلیپین، ئەمەش لوتکەی نەزانینە بە مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع و سیستەمی جیهانی، هەروەها لەگەڵ ژینگەی فلیپین کە زۆرینەیان کریستیانی کاسۆلیکن ناگونجێت، ناکرێ مێژوو بگێڕینەوە یان بیگۆڕین لە سایەی سیستەمی جیهانیدا، بەڵکو پێویستە واقعیانە و بە داناییەوە مامەڵە بکەین، لەبەر ئەوە ئەم گرووپە شکستی هێناوەو هەر گرووپێکیش رکابەریی قاعیدە و داعش بکات شکست دێنێت، چونکە گۆشەگیریی بنەچەخوازە، ئەوان بۆنی خوێنیان لە بۆنی گوڵ پێ خۆشترە، بەرەی ئیسلامیی مۆرۆش چاکیکرد کە کۆتایی بە خوێنڕشتن هێنا و دەستیکرد بە ژیانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانیش دەستپێکرد، هەرچەندە موسڵمانان باش دەزانن کە حکومەتی فلیپین مامەڵەیان وەکو کریستیانەکان لەگەڵدا ناکەن، بەڵام دیارە ئەوان پەندیان لە رابردوو وەرگرتووە کە ململانێ چەکداری لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە، بەڵکو دیالۆگ باشترین رێگەیە بۆ ئایندەی سیاسی و ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

**زۆربەی سەرکردەکانی ئەبوسەیاف لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکان حکومەتدا کوژران، ئەبو سەبایا لە ساڵی ٢٠٠٢ کوژرا، سەراجی لە ساڵی٢٠٠٤ و ئەبو سەلمان لە ساڵی ٢٠٠٧ کوژران، تەنیا رادۆلان ساهیرون و هابیلون و ئەبو بۆلا ماون، گرووپەکەش بەیعەتیان بە داعش دا بە سەرۆکایەتیی ئەبوبەکر بەغدادی**

# ناوزڕاندنی ئافرەتان تاوانێکی نامرۆڤانە

یەکێك لە سیما نایابەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بەتایبەتی وڵاتانی مۆدێرن لە جیهاندا بەشداریکردنی کارای ئافرەتانە لە سێکتەرە هەستیارەکانی وەك سێکتەری سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی و گەشەپیدانی مرۆیی، چونکە بەشداریی ئافرەت لە هەر یەکێك لەم سێکتەرانەدا کاریگەریی زۆر باش لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی وڵات بەگشتی دەبێت، بێگومان لە هەرێمی کوردستانیش ئافرەتان بە درێژایی مێژوو هەنگاوی جوان و نایاب و تایبەتمەندیان ناوە و لە زۆر بواردا زۆر سەرکەوتووانە کاری زۆر نایابیان پێشکەش کردووە کە شایەنی هەڵوێستەکردن بێت، لەلایەکی ترەوە لەچەند ساڵی رابردوودا بە هەوڵی بەردەوامی پەرلەمانتارە ئافرەتەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان کار لەسەر بەرەوپێشبردنی رۆڵی ئافرەتان لە کایە گرنگەکانی وڵاتدا کراوە، تا رادەیەکی زۆریش توانراوە ئەوە بسەلمێنرێت کە خانمانی کورد رۆڵی گرنیگان لە کایە جیاوازەکان و سێکتەرە هەستیارەکاندا بینیوە.

## ● هەڕەشەی ئابڕووبردن و چەکی سەردەم

ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی ئافرەتان یەکێکە لەو کردە نامرۆڤانەیەی کە تا ئەم ساتە وەختە بە شێوازی جۆراوجۆر بەکاردێت، ساڵانەش ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان دەبنە قوربانیی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە، هەڕەشەکردن و ناوزڕاندنیش وەك چەکێکی کوشندە هەمیشە دژی ئافرەتە سەرکەوتووەکان بەکاردێت، هەر کاتێك کە ئافرەتێك بگاتە ئاستێکی سەرکەوتوو لە بوارەکەیدا، لەلایەن کۆمەڵگەوە بە ناوزڕاندن هەڕەشەی لێدەکرێت، ئەمەش وەك هێزێکی کوشندە بۆ لەناوبردنی کەسایەتیی ئەم ئافرەتە و تەنانەت هەندێکجار دەگاتە ئەو ئاستەی کە ئەو ئافرەتە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات و دەبێتە قوربانیی هەڵەی کۆمەڵێك مرۆڤی ناژیر و تاوانکار .

بەداخەوە لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا لەکەدارکردن و ناوزڕاندن بەهێزترین چەکە بۆ لەناوبردنی ئافرەتان و تەنانەت هەندێك لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیانوایە لەکەدارکردن و ناوزڕاندنی ئافرەت دەچێتە چوارچێوەی میتۆدی تیرۆری کۆمەڵایەتییەوە، چونکە هەمیشە وشەی شەرەف وەك چەکێکی تۆقێنەر دژی ئافرەتە بوێر و چالاکەکان بەکاردێت، بەتایبەتی ئەم حاڵەتە لە هەرێمی کوردستاندا زۆر دەبینرێت، لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە توندوتیژیی راستەوخۆ دژی رەگەزی مێ دەکرێت، بە هۆی سووکایەتیکردن بە رەگەزی مێ بە ناوزڕاندنی لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یان هەر ئامرازێکی تری تەکنەلۆژیا بێت، تەنانەت زۆرجار ڤیدیۆیەك یان وێنەیەکی خانمێك بەهۆی هاککردنی ئامێری مۆبایلەکەی بڵاودەبێتەوە، بە شێوەیەکی زۆر بەرنامە بۆدارێژدراو لەلایەن چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەوە سووکایەتی پێ دەکرێت و لایەنی دەروونی لەناو دەبرێت و تووشی گەورەترین و مەترسیدارترین حاڵەتی دەروونی دەبێتەوە، واتا دەتوانین بڵێین خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بۆتە هۆکار بۆ ناوزڕاندنی ژن هەتا دەگاتە حاڵەتی کوشتن و لێدان و چەندان کاردانەوەی نێگەتیڤی دیکە کە هەموویان دەرئەنجامی ناوزڕاندنی ئافرەتانە.

نەریتی کۆمەڵگە و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان هاندەری سەرەکین بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی ئافرەتان، چونکە نەریتی کۆمەڵگە شەرەفی ئافرەتی بە چەند نۆرمێکەوە بەستۆتەوە، ئەمەش وادەکات شەرەف چەکێك بێت بە دەستی پیاوانە بۆ لەناوبردنی کەسایەتیی ئافرەتان، ئەوەی زۆر گرنگە ئەم حاڵەتە نامۆیانەش جگە لە شکستی لایەنی دەروونیی کەسی جێبەجێکار و کەسی تۆمەت بۆ دروستکراو و تاوانی کوشتن، هیچی دیکەی لێ نابینرێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە پێویستە لەسەر



## مەیادە محەمەد نەجار

**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

شانی ئافرەتان بۆ رێگریکردن لە سووکایەتی و هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی ئابڕووی ئافرەتان چەند هەنگاوێکی خێرا بنێین. هەروەها پێویستە ئافرەتان زۆر هۆشیارانەتر مامەڵە لەگەڵ پرسەکاندا بکەن، بەر لەهەموو شتێك دەبێت زۆر بە رۆحیانەتێکی بەهێزەوە بەرامبەر بە هەموو هەوڵێکی لەو شێوەیە رابوەستن و رێگە بەوە نەدەن کە دابونەریتی کۆمەڵایەتی، بیانکاتە قوربانی، پێویستە ئافرەتان بە یەکرِیزی و بە یەکدەنگی بەرگری لە کەسایەتیی خودی ئافرەت لە کاتی روودانی هەر جۆرە رووداوێکی لەو شێوەیەدا بکەن و بەرەنگاریان ببنەوە.

● **مافیای کۆمەڵایەتی و ناوزڕاندنی ئافرەت**

بەکارهێنانی چەمکی مافیای کۆمەڵایەتی رەنگە نوێ بێت، مەبەستم لەم چەمکە ئەو گرووپ و تاقمانەیە کە دەیانەوێت لە رێگەی بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو، یان گرتەی ڤیدیۆیی ناوبانگی ئافرەت لەکەدار بکەن. بێگومان ئەوەی ئەم تاوانە لە جۆرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەم گرووپانە کەسانی بەهێزیان لەپشتە و زۆر جار لە رێگەی تۆڕی نهێنییەوە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان دروست دەکەن و سووکایەتی بە ئافرەتان دەکەن، ئەم گرووپانە بە چەند ئامانجێك کاردەکەن، یەکەمیان ئەوەیە کە ئافرەتانی سیاسەتمەدار دەکەنە ئامانج، چونکە پێیانوایە لەم رێگەیەوە دەتوانن زیاتر ئامانجەکەیان بپێکن، وەك دەبینین ئەم گرووپانە وێنەی ئافرەتانی پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار و چالاکانی مەدەنی بڵاودەکەنەوە، سەرەکیترین هەنگاویشیان بۆ لەناوبردنی کەسایەتیی ئافرەتی کوردە.. رەنگە هەڕەشەکان بە جۆرێك کاردانەوەی هەبێت کە بەشێکی زۆر لە ئافرەتان خۆیان لە هەموو کارو چالاکییەك بەدوور دەگرن، بەڵام پێویستە لە بری پاشەکشە بەرەنگاری ببنەوە. رەنگە سووکایەتیکردن بە ئافرەتان بە بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەم رووداوەی کە بینیمان و سووکایەتی بە کچە پەرلەمانتار (شادی نەوزاد) کرا، خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و بگرە تاوانێکی زۆر گەورەیە بەرامبەر بە ئافرەتان.

● **چارەسەرکردن و بنەبڕکردن**

بێگومان بۆ رێگریکردن لە ناوزڕاندنی ئافرەتان و لەکەدارکردنی ناوبانگیان چەند رێگەیەکی گرنگە هەیە، لەوانە: پێویستە هەڵمەتێکی بەرفراوان لە هەموو لایەك دەست پێ بکات و ئەم کەیسە بە جۆرێك مامەڵەی لەگەل بکرێت وەك پرسێکی رای گشتی و سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکان هەر لە ئافرەتانی پەرلەمانتاران تا دەگاتە ئافرەتە سیاسەتمەدارەکان و ئافرەتانی چالاکی مەدەنی و ئافرەتانی فەرمانبەر و سەرجەم ئافرەتەکان مەرجە بە یەکدەستی و بە یەکڕەنگی بەرەنگاری ئەو کەسانە ببنەوە کە دەیانەوێت ناوبانگی ئافرەتێکی سەرکەوتووی بەتوانا لەکەدار بکەن. دەبێت گوشار بخرێتە سەر لایەنی پەیوەندیدار بەتایبەتی داواکاری گشتی و دەسەڵاتی دادوەری بۆ بەسزا گەیاندنی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە رێگەی تەکنەلۆژیا، یان هەر رێگەیەکی دی، ناوبانگی ئافرەتانی چالاك و سەرکەوتوو بزڕێنن، پێویستە سەرجەم ئەو کەسانەی لەپشت ئەم رووداوانە بوون سزایەکی توند بدرێن.

لێرەدا چەند خالێکی گرنگ هەیە کە شایستەی هەڵوێستە کردنە:

ـ هاندانی ئافرەتان بۆ ئەوەی لە کاتێکدا کە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، راستەوخۆ سکاڵا لە نزیکترین بنکەی پۆلیس تۆمار بکەن.

ـ هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداریی زیاتریان لە سێکتەری سیاسی و ئابووری.

ـ گوشارخستنە سەر دادگاکان بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان .

ـ پێویستە ئەو کەسانەی کە لە پشت ئەو جۆرە تاوانانەن هەر زوو دەستگیر بکرێن و دادگایی بکرێن.